
کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم - ژمارە ۴۶۶ - ڕەزبەری ۱۴۰۴- ئۆکتۆبری ۲۰۲۵


له ٣




له ٥




له ٨

## سەروتار

### ڕاگەیاندنی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە به بۆنەی١٠ی ئۆکتۆبر: ڕۆژی جیهانی خەبات دژی سزای لەسێدارەدان

له سەروبەندی ١٠ی ئۆکتۆبر، ڕۆژی جیهانی خەبات دژی سزای لەسێدارەدان داین. ئەم ڕۆژە دەرفەتێکە بۆ ڕاوەستان و بیرکردنەوە لەسەر یەکێک لە قێزەونترین کردەوەکان کە هێشتا لە نزیکەی ٥٠ وڵاتی جیهاندا بەردەوامە. ئەوەی کە لە کۆتایی دەیەی دووهەمی سەدەی ٢١دا، هێشتا دەوڵەتەکان بە شێوەیەکی یاسایی مرۆڤەکان دەکوژن، نە تەنها نیشانەی کارەساتێکی گەورەی مرۆییە، بەڵکوو گیان سەخت بوون و پانتایی مێژوویی و جیهانیی ئەم دیاردەیەمان پێ نیشان دەدات هیچ گرینگ نییە چ ناوێک لەسەر ئەم جەنایەتە دادەنێن ، پاراستنی ئەمنییەتی وڵات، ئایین، ئیدێئۆلۆژی، نەتەوە، یان خەبات لەگەڵ بناژۆیی. ئەوەی کە بایەخی هەیە، بەربەریەتێکە کە بەڕێوەدەچێ. هەمووی ئەم جەنایەتانە نیشانەی بێ بایەخ بوونی پێگەی مرۆڤە لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی زاڵدا دەزگا تەبلیغاتیەکانی ڕێژیمەکان، بە شێوەیەکی فریوکارانە، دەرکردن و بەڕێوەبردنی سزای لەسێدارەدان لەژێرناوی ئامرازی کەمکردنەوەی ڕێژەی تاوان و جەنایەت، بردنەسەرەوەی ئاستی ئەمنییەتی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی عەدالەتی ناو کۆمەڵگا، پاساو دەکەن. بەڵام ئەزموونی هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و ئامار و داتاکان پێمان دەڵێن کە ڕاستییەکەی بە تەواوی پێچەوانەی ئەمەیە

درێژە لە لاپەڕەی ٢

### حکومەتی دوای هەڵبژاردن لە عێراق

ن :عوسمانی حاجی مارف

له ١١

### ڕۆژی جیهانی موعەلیم، وەبیرهێنەرەوەی خۆڕاگریی بزووتنەوەی بەهێزی موعەلیمانی ئێران

له ٦

پێشرەو

دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٦٦ - ڕەزبەری ١٤٠٤ - ئۆکتۆبری ٢٠٢٥

## درێژەی سەروتار

لە هیچ کۆمەڵگایەکدا سزای لەسێدارەدان و قەتڵی سیستماتیکی دەوڵەتی ناتوانێ ڕێژەی تاوان و جەنایەت کەم بکاتەوە.

بە پێچەوانەوە، لەسێدارەدان هەستی تۆڵەکردنەوە و توندوتیژی بەهێزتر دەکات. کاتێک قەتڵ لە بەرامبەر قەتڵ، لە ڕێگەی دەوڵەتەوە ڕێگەپێدراو بێت، ئاساییە ئەگەر کەسانێکیش هان بدرێن کە بە دەستی خۆیان ئەم بەناو عەدالەتە بەڕێوەبەرن

هۆکاری ڕاستەقینەی تاوان لە هەلومەرجی ماددی ژیانی کۆمەڵایەتیدایە. مرۆڤەکان هەر لە سەرەتاوە وەک تاوانبار و بکوژ و قاچاخچی و جینایەتکار لەدایک نابن، بەڵکوو ئەوە هەلومەرجی ماددی ژیانی کۆمەڵایەتییە کە بەرەو کرداری تاوانکاری و جینایەتیان دەبات. دەوڵەتەکان و چین و توێژە دەسەڵاتدارەکان ڕاستەوخۆ بەرپرسیارن لە ئاست سەپاندنی ئەو دۆخە ماددیانە بەسەر ژیانی زۆربەی هەرەزۆری خەڵکدا.

سزای لەسێدارەدان هیچ شتێک نییە بێجگە لە کوشتنی لەئەنقەستی دەوڵەتی. ئەو کەسانەی شیاوی سزادانن کە بەستێنێکی کۆمەڵایەتی ئەوتۆیان خوڵقاندووە کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دیاردەی تاوانکاری تیایدا

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٧ ساڵ دەسەڵاتیدا سەلماندوویەتی کە یەکێک لە هارترین ڕێژیمەکانی بەڕێوەبەری سزای لەسێدارەدانە. تەنیا لە ساڵی ٢٠٢٥دا، کۆماری ئیسلامی بە لەسێدارەدانی لانیکەم ١١٠٠ کەس، لە ڕیزبەندی یەکەمی جیهاندایە. ئەم ڕێژیمە سزای لەسێدارەدانی وەک توندوتیژییەکی ئاگایانە و ڕێکخراو بە مەبەستی لەناوبردنی نەیارانی سیاسی، ناڕازیانی کۆمەڵایەتی و قوربانیانی ئەم نیزامە ستەمکارە سەرمایەدارییە بەکارهێناوە

بیری مێژوویی خەڵکی ئێران لەبیری نەچووەتەوە کە چۆن لەسێدارەدانی نەیاران، بوو بە یەکێک لە چەکە سەرەکییەکان بۆ پتەوکردنی دەسەڵاتی ئەم ڕێژیمە: لەسێدارەدانی بەرپرسانی رژیمی پێشوو، خەباتکاران و ڕێبەرانی خەڵکی تورکمان سەحرا لە کاتی ناڕەزایەتییەکانی بەهاری ساڵی ١٣٥٨، لەسێدارەدانی ڕۆڵە قارەمانەکانی خەڵکی کوردستان دوای فەرمانی جیهادی خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژ، کوشتاری هەزاران زیندانی لە دەیەی ٦٠، لە بێدادگا چەند دەقیقەییەکاندا، قەتڵە زنجیرەییەکان، سەرکوتی خوێناویی خوێندکاران، وەبەر گوللەدانی کرێکارانی خاتوون ئاباد،، لەسێدارەدانی ناڕازیانی ئاخێزەکانی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ و شۆڕشی ژن ژیان ئازادی لە ١٤٠١. دەنگی بەرخودان لە پشت میلەکانەوە بەرزبۆتەوە. سەدان زیندانی بوێر و چاونەترس لە زیاتر لە ٥٠ زیندان لە سەرانسەری ئێران، کەمپەینێکیان لەژێر ناوی «سێشەممەکانی نا بۆ لەسێدارەدان» دەستپێکردووە کە ئێستا پێیناوەتە ٨٥مین هەفتەی خۆیەوە. ئەوان هەموو هەفتەیەک لەم ڕۆژەدا مان لە خواردن دەگرن. ناوبانگی بوێری و شێلگیربوونی ئەم زیندانییە سیاسییە خەباتکارانە لە سەرانسەری جیهان دەنگی داوەتەوە

ئامانجی ئەم کەمپەینە، بریتییە لە ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە سزای لەسێدارەدان و دژایەتیکردنی وەک سزایەکی نامرۆڤانە و قەرەبوونەکراوە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی جۆری تۆمەت یان پاڵنەر و باوەڕی ئەو کەسانەی کە سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنراوە ژیان مافێکی سروشتی هەر مرۆڤێکە و لەسێدارەدان واتە زەوتکردنی مافی ژیان لە مرۆڤ. هیچ کەسێک بۆی نییە مرۆڤێکی دیکە لەژێر هەر پاساو و بیانوویەکدا لەم مافە سروشتییە بێبەش بکات. هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان بە مانای ئەوەیە کە گیانی مرۆڤ، خۆی لەخۆیدا، جێگای ڕێزە. لەسێدارەدان نەک هەر دەرفەتی پێداچوونەوە و پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە خۆیاندا و قەرەبووکردنەوەی هەڵەکانیان لە تاکەکان دەستێنێ، بەڵکوو کۆمەڵگاکان لە ڕێکاری ئینسانی و کاریگەر بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتی و یاساییەکان بێبەش دەکات. لە زۆرێک لە وڵاتەکانی جیهان گەیشتوونەتە ئەو ئاکامەی کە سزای لەسێدارەدان نەک هەر ڕێگری لە تاوان ناکات، بەڵکوو لە زۆر حاڵەتدا نادادپەروەری قەرەبوونەکراوەی لێدەکەوێتەوە

بەڵام لە بارودۆخی سیاسی ئێستادا، سیاسەتی لەسێدارەدان، نە تەنها ناتوانێ کۆمەڵگا چاوترسێن بکات، بەڵکوو بڵێسەکانی تووڕەیی و ناڕەزایەتی خەڵک زیاتر دەگەشێنێتەوە. مانگرتنە بەرینە کرێکارییەکان، ناڕەزایەتیی ژنان، موعەلیمان، خوێندکاران و خانەنشینان، نیشانەی ئەوەیە کە جەماوەری ستەملێکراوی ئێران، عەزمیان جەزم کردووە کە بە درێژەدانی خەباتی خۆیان، پێداویستیەکانی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی دابین بکەن

ئەگەر خەبات بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان وەک قەتڵی لەئەنقەستی دەوڵەتی، بابەتێکە کە پێویستە پەیگیرانە و لە هەموو بارودۆخێکدا بەڕێوەپێش بچێت، گرینگی ئەم خەباتە لە بارودۆخی ئێستادا، کە ڕێژیم بە پەرەپێدانی لەسێدارەدانەکان بە شوێن ئامانجگەلێکی سیاسیی دیاریکراوەوەیە، چەند هێندەیە

١٠ی ئۆکتۆبر، ڕۆژی جیهانی خەبات لەدژی سزای لەسێدارەدان دەتوانێ دەرفەتێکی دیکە بێ بۆ: پەرەپێدانی وشیاری لە ئاست پانتایی جەنایاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، گەشەسەندنی خەبات بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان لە ئێران و سەرتاسەری جیهان، یەکخستنی هێزی ناڕازیان و خەباتکاران لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات، دەربڕینی پشتیوانی لەگەڵ زیندانییە سیاسییەکان و بەندکراوانی بیروڕا

هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان بە بێ هیچ شەرت و مەرجێک و لە هەموو بارودۆخێکدا، نە تەنها مەسەلەیەکی مرۆڤانەیە، بەڵکوو هەنگاوێکە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی دادپەروەرتر و مرۆڤانەتر. لە کۆمەڵگایەکی ئازاد و سۆسیالیستیدا، ژیانی مرۆڤ بەهاترین سامان دەبێت و بۆ هیچ هێزێک مافی ستاندنی ناهێڵێتەوە

ئاگری ژێر خۆڵەمێشی نەفرەت و بێزاریی جەماوەر دژ بە ڕێژیمی پەت و سێدارە هیچ کات خامۆش نەبووە و بڵێسەکانی خەبات و خۆڕاگریی جەماوەر، لە سەرتاسەری وڵات بەردەوام لە گەشانەوەدا یە. ئاسۆمان ڕوونە و ڕۆژی ڕزگاری نزیک بۆتەوە

**کومیتەی ناوەندی**
**کۆمەڵە**
**ڕێکخراوی کوردستانی**
**حیزبی کمونیستی**
**ئێران**
**٩ی ئوکتوبری ٢٠٢٥**
**١٧ی ڕەزبەری ١٤٠٤**

****




لە سەروبەندی یەکی مانگی ڕەزبەر، دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندنی ١٤٠٤- ١٤٠٥ لە ئێراندایین. بەم نزیکانە زیاتر لە ١٦ ملیۆن منداڵ و تازەلاو و زیاتر لە چوار ملیۆن و نیو قوتابی، هاوڕێ لەگەڵ یەک ملیۆن و نیو موعەلیم و دەیان هەزار مامۆستای زانکۆ، ساڵی نوێی خوێندن دەستپێدەکەن. بەڵام ئەم دەستپێکە نوێیە لەبری ئومێد و شادی، ئامرازێکە بۆ ڕەنگدانەوەی واقیعە تاڵەکانی پرسی پەروەردە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامیدا. لە لایەکەوە سەدان قوتابی و خوێندکاری وشیار، بە هۆکاری سیاسی و پیشەیی دەستبەسەر و زیندانی کراون و لە لایەکی دیکەشەوە موعەلیمانی پێشڕەو و خاوەن ئەزموون لەژێر گوشارێکی لەڕادەبەدەر و نامرۆڤانەدان. موعەلیمانی دڵسۆز و وشیار، کە دەبێ ئاڵاهەڵگرانی ڕووناکی بن، خۆیان بوونەتە ئامانجی سەرکوت، گرتن، دەرکران و سزای قورس و ناڕەوا. قوتابیان و خوێندکارانی ئازادیخوازیش لەم سەرکوتانە بێبەری نەبوون و دەیان کەسیان ڕووبەڕووی سزای زیندانیی قورس بوونەتەوە. گرتنەبەری ڕێوشوێنەکانی وەک دەرکردن، خانەنشینکردنی زۆرەملێ و زیندانیکردنی موعەلیمان، نیشانەی هەوڵەکانی ڕێژیمە بۆ سەرکوتکردنی دەنگی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی لە بواری پەروەردەدا

ئەمساڵ، ساڵی نوێی خوێندن لەکاتێکدا دەستپێدەکات کە بەپێی ئامارە فەرمییەکان، نزیکەی یەک ملیۆن منداڵ و تازەلاو بەهۆی هەژاری و بێبەشی لە پڕۆسەی خوێندن دابڕاون. ئەمە لە حاڵێکدایە کە بەندی ٣٠ی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی، دەوڵەت پابەند دەکات بە دابینکردنی خوێندنی بێبەرامبەر بۆ هەمووان. بەڵام سیاسەتی تاڵان و بڕۆ، پەروەردەی کردووە بە بازاڕێکی پڕ سوود و کەلێنی چینایەتی لە پەروەردەدا قووڵتر کردووەتەوە. قەرەباڵغی پۆلەکان، نەبوونی ئیمکاناتی پەروەردەیی گونجاو، بەکارنەهێنانی شێوازەکانی فێرکردن و بارهێنانی ئەمڕۆیی، جەختکردنەوە لەسەر فێربوونی زارەکی لەبری تێگەیشتن و شرۆڤەکردن، نەبوونی دەرفەت بۆ لێکۆڵینەوەی بەکۆمەڵ و ئاڵوگۆڕی بیروڕا، گرنگی نەدان بە توانایی و لێهاتوویی تاکەکەسی قوتابیان، کەمیی تاقیگە و کارگەی زانستی، نەبوونی ئیمکاناتی سەرەتایی وەک زەوی وەرزشیی و هتد، پەروەردەی کردووە بە ئەزموونێکی بێزارکەر و بێ نەشئە بۆ ملیۆنان گەنج و تازەلاوی ئێران. لە هەمان کاتدا هەڵاوسانی بەردەوام و نرخی پێداویستییەکانی خوێندن لەوانە دەفتەر و قەڵەم و هەزینە لاوەکییەکانی تر و ئەو پارەیەی کە بەناوی کرێی خوێندنی بە شێوەیەکی نافەرمی و بە بیانووی جۆراوجۆر لە بنەماڵەکان وەردەگیرێت، گوشارێکی لەڕادەبەدەری بەسەر بنەماڵە کرێکاریی و چینە کەم داهاتەکانی کۆمەڵگادا سەپاندووە

لە ماوەی ٤٦ ساڵی ڕابردوودا زاڵبوون بەسەر بواری پەروەردەدا بەردەوام یەکێک بووە لە ئامانجەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. ڕێژیم بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم بوارەدا و هەروەها بۆ ڕێگریکردن لە شکستی ئایین لەبەرامبەر زانستدا، قوتابخانەکانی کردووە بە مەکتەبی فێرکردنی زارەکی ئایین و خورافات و بیروباوەڕی ئایینی. لەو ناوەندانەدا لەبری ئەوەی یارمەتی منداڵان و نەوەی گەنج بدەن بۆ ئەوەی خۆیان و جیهانی دەوروبەریان وەک خۆی بناسن، مێشکی قوتابیان بەزۆر پڕ دەکەن لە زانیاری ناپێویست و دواکەوتووانە و چەواشەکراو. لە قوتابخانە و ناوەندەکانی پەروەردەی ئێران، لەبری ئەوەی دوایین دەستکەوتە زانستییەکان و سەرجەم زانیارییەکانی مرۆڤایەتی لە بواری پەروەردەدا بەکاربهێنرێ و خوێندکاران لە دوایین پێشکەوتنە زانستیی و گۆڕانگارییە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان ئاگاداربکرێنەوە، لە ڕێگەی بابەتە دەرسییەکانەوە بەڕادەیەکی زۆر خورافاتی ئایینیی و دواکەوتووانەیان دەرخوارد دەدرێت. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە ئەزموونی ٤٦ ساڵی ڕابردوو بە کاربەدەستانی ڕێژیمی سەلماندووە کە منداڵان و تازەلاوان بەشێک لە فێرکاریی و پەروەردە سەرەکییەکانیان نەک لە قوتابخانەکانەوە، بەڵکوو لە بنەماڵە و کۆمەڵگاوە وەردەگرن کە تێیدا مرۆڤایەتی و سیکۆلاریزم و دژایەتیی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی زۆر بەهێزە. هەر بەم هۆیەوە پرۆژە پەروەردەییەکانی ڕێژیم یەک لە دوای یەک لەگەڵ شکست و ناکامی بەرەوڕوو بوونەتەوە، بەجۆرێک کە ئەمڕۆ بێ مەیلی و دوورکەوتنەوە لە ئایین لە نێو لاواندا بووەتە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ئێستای ئێران

مێژووی خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران نیشانی داوە کە زانکۆ و قوتابخانەکان بەردەوام سەنگەری خۆڕاگریی بوون لە دژی ستەم و سەرەڕۆیی. ئەو موعەلیمە بەدەروەست و وشیارانەی کە سەرەڕای گوشارەکان، بە ئەرکی خۆیان پابەند ماونەتەوە، پۆلەکانی خوێندنیان نەک هەر شوێنی فێربوون، بەڵکوو کردووە بە سەنگەرێک بۆ خەبات و خۆڕاگریی کۆمەڵایەتی و سیاسیی. گوشارەکانی حکوومەت نەیانتوانیوە بەر بە ئیرادەی گەنجان بگرێت لەپێناو خوێندن و بەدەستهێنانی وشیاری و ئازادیدا. بزووتنەوەکانی خوێندکاری و پیشەیی موعەلیمان، بە دروشمی "لە سەنگەری قوتابخانەدا، هەم دەرس و هەم سیاسەت"، ڕۆڵێکی بەرچاویان لە وشیارکردنەوەی کۆمەڵگادا هەبووە. لاوان و بەتایبەت کچانی بوێر لە بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"دا حەماسەیان خوڵقاند و جیهانیان سەرسام کرد. لاوان و قوتابیان پێویستە لە ژینگەیەکی ئازاد و دوور لە توندوتیژی و سەرکوتدا گەشە بە توانا و بەهرەکانی خۆیان بدەن و بتوانن لە داهاتوودا بگەن بە پێگەیشتوویی فیکری و کۆمەڵایەتی. لە سبەینێی ئێرانی ڕزگاربوو لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، بە جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت و پەروەردە لە ئایین، هەموو تواناکانی قوتابیان لە بری خورافات و هزری دواکەوتووانە، بەرەو پەروەردەی زانستی ئاراستە دەکرێت. لە وەها هەلومەرجەدا بەهرەکان گەشە دەکەن و سەرمایەی لەبن نەهاتووی مرۆیی لەپێناو گەشەپێدان و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگادا بەکاردەهێنرێت. ئێمە بە داهاتوویەکی باشتر گەش بینین، داهاتوویەک کە تیایدا خوێندنی بێبەرامبەر و خاوەن کوالیتی بەرز، مافی هەمووان بێت و قوتابخانە و زانکۆکان ببنە ناوەندی گەشەکردن و پەروەردەی بەهرە و تواناکان، بیری ئازاد و شارۆمەندانی وشیار و بەرپرسیار

تەنیا بە یەکڕیزی و وشیاری و خەبات و تێکۆشان دەتوانرێت دەنگی موعەلیمان و قوتابیان بەسەر ستەم و سەرکوتدا زاڵ بێت و بە بنیاتنانی داهاتوویەکی باشتر و مرۆڤانەتر بۆ نەوەکانی داهاتوو ئومێدەوار بین. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وێڕای پیرۆزبایی دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندن، قوتابیان، موعەلیمان، مامۆستایان و سەرجەم کارمەندان و کاربەدەستانی قوتابخانە و زانکۆکان بانگەواز دەکات بۆ پشتیوانی بێ درێغ و بەشداری چالاکانە لە ناڕەزایەتییە بەردەوام و سەرتاسەرییەکانی ئێستای جەماوەری خەڵکی ئێران.

**کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
**٢٩ی خەرمانانی ١٤٠٤**
**دەستپێکی ساڵی خوێندنی ١٤٠٤-١٤٠٥**

****




لە سەروبەندی ١٠ی ئۆکتۆبر، ڕۆژی جیهانی خەبات بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان، ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، بە لەسێدارەدانی زیاتر لە هەزار کەس تەنیا لە نۆ مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٥دا و تۆمارکردنی ژمارەیەکی پێوانەیی، هەروا لە لوتکەی جەلادترین حکوومەتەکانی جیهاندایە. ئەم ئامارە هەژێنەرە ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی سیستماتیکی سزای لەسێدارەدان وەک ئامرازێک بۆ سەرکوت و چاوترسێن کردنی جەماوەر و پاراستنی دەسەڵاتی ڕەهای خۆی. دام و دەزگا تەبلیغاتییەکانی کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی فریوکارانە سزای لەسێدارەدان وەک ئامرازێک بۆ کەمکردنەوەی تاوان و دابینکردنی ئەمنییەتی کۆمەڵایەتی و دادپەروەری پاساو دەکەن. بەڵام ئەزموونی هەموو کۆمەڵگا مرۆییەکان و ئامارە باوەڕپێکراوەکان، ڕاستییەکی تر نیشان دەدات: لە هیچ کۆمەڵگەیەکدا ناتوانرێت لە ڕێگەی کوشتنی سیستماتیکی دەوڵەتییەوە ڕێژەی تاوان کەم بکرێتەوە واقیعییەت ئەوەیە کە مرۆڤەکان لە بنەڕەتدا بکوژ و تاوانبار لەدایک نابن. لە شیکارییەکی کۆتاییدا، ئەوە بارودۆخی ماددی ژیانی کۆمەڵایەتییە کە تاکەکان بەرەو تاوانکاری دەبات. دەوڵەتەکان و چینە دەسەڵاتدارەکان ڕاستەوخۆ بەرپرسیارن لە ئاست سەپاندنی ئەو دۆخە ستەمکارانە بەسەر ژیانی زۆربەی هەرەزۆری جەماوەردا. لە ڕاستیدا ئەوانەی هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتیی ئەوتۆ دەخوڵقێنن کە دەبێتە هۆی کردەوەی تاوانکاریی، خۆیان شایەنی سزان نەک قوربانیانی ئەم سیستەمە ناعادڵانە

لەسێدارەدان لە کۆماری ئیسلامیدا هەر لە سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنی ئەم ڕێژیمەوە یەکێک بووە لە ئامرازە سەرەکییەکانی بەردەوام مانەوەی دەسەڵاتەکەی. ئەم تاوانانە بە لەسێدارەدانی بەرپرسانی ڕێژیمی شا دەستی پێکرد، بەڵام زۆر زوو پەرەی سەند و خەباتکاران و نەیارانی ڕێژیمی ئیسلامیشی گرتەوە: لە بەهاری ساڵی ١٣٥٨دا دەیان سیمای ناسراو کە لەلایەن ڕژێمی شاوە زیندانی کرابوون و لە ئاکامی ڕاپەڕینی جەماوەردا ئازاد کرابوون، سەرلەنوێ دەستبەسەر کرانەوە و بەشێکی زۆریان لە سێدارە دران. هەر لەو ساڵەدا شاهیدی لەسێدارەدانی خەباتکاران و ڕێبەرانی نارەزایەتییەکانی خەڵکی تورکمان سەحرا بووین. مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ دوابەدوای فەرمانی جیهادی خومەینی دژ بە خەڵکی کوردستان، دەیان کەس لە ڕۆڵە قارەمانەکانی کورد لە پارێزگاکانی کرماشان، کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا لەلایەن خەڵخاڵی جینایەتکارەوە گوللەباران کران. لە کاتێکدا کە لەسێدارەدانی هەڵسووڕاوانی سیاسی بەندکراو تا ساڵی ١٣٦٧ بەبێ پسانەوە بەردەوام بوو، لەو ساڵەدا هەزاران زیندانی سیاسی لە نێوان مانگەکانی گەلاوێژ و خەرمانانندا لەسێدارە دران و لە گۆڕە بێ ناونیشانەکاندا بە خاک سپێردران. دوابەدوای ئەوە جەلادەکانی کۆماری ئیسلامی هەرگیز شەپۆلی لەسێدارەدانی زیندانیانی سیاسی و زیندانیانی دادگا ئاساییەکانیان ڕانەگرت. لە سەردەمی ئاخێزی ژن، ژیان، ئازادیدا، نموونە گەلێکی تری لە دوژمنایەتیی لەئاشتی نەهاتووی خۆی بەرامبەر بە لاوانی خەباتگێڕ نیشاندا و هەر لە بەلوچستانەوە تا کوردستان دەیان لاوی دڵ پڕ لە هیوا و ئازادیخوازیان ڕادەستی تێغی جەلادەکان کرد. کۆماری ئیسلامی تاکە حکوومەتە لە جیهاندا کە منداڵان لە سێدارە دەدات، مرۆڤەکان بۆ ماوەی چەندین کاتژمێر لەبەرچاوی خەڵک هەڵدەواسێت و مرۆڤ کوشتنی کردۆتە بابەتێکی ئاسایی و بەردەوام. دەسەڵاتی قەزایی کۆماری ئیسلامی هێشتاش لەسەر سیاسەتی کۆنەپەرستانە و نامرۆڤانەی "چاو لەبەرامبەر چاو" و "کوشتن بەمەبەستی چاوترسێن کردنی خەڵک" پێداگری دەکات. لە سێدارەدان، ئەشکەنجە، کەمئەندامکردن و کوێرکردن لەم ڕێژیمەدا بۆتە دیاردەیەکی دامەزراوەیی و بە یاسایی کراوە

لەم تاریکەسەلاتەدا بڵێسەی هیوا لە ناو زیندانەکانەوە سەرهەڵدەدات. سەدان بەندکراوی بوێر لە زیاتر لە ٥٠ زیندان لە سەرانسەری ئێراندا کەمپەینی "سێشەممەکانی نا بۆ لە سێدارەدان"یان دەستپێکردووە کە ئێستا پێی ناوەتە دووەمین ساڵی خۆیەوە. ئەم زیندانییە سیاسیانە کە خۆیان بەردەوام مەترسی ئەشکەنجە و ئێعدامیان لەسەرە، ڕۆژانی سێشەممەی هەموو هەفتەیەک مان لە خواردن دەگرن. ئامانجی ئەم کەمپەینە بریتییە لە نارەزایەتی دەربڕین و دژایەتیکردن لەگەڵ سزای لەسێدارەدان وەک سزایەکی نامرۆڤانە و لە قەرەبوو نەهاتوو، بەبێ لەبەرچاوگرتنی جۆری تۆمەت یان پاڵنەر و بیروباوەڕی سزادراوان، ناوبانگی بوێری و شێلگیربوونی ئەم خەباتگێڕانە لە ئاستی جیهاندا دەنگیداوەتەوە بووەتە ئیلهامبەخش بۆ بزووتنەوەی "نا بۆ لەسێدارەدان" لە سەرانسەری ئێران و جیهان

ژیان مافی سروشتی هەر مرۆڤێکە. لە سێدارەدان واتە زەوتکردنی مافی ژیان لە مرۆڤ و هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە لەژێر هەر بیانوویەکدا ئەم مافە سروشتییە لە مرۆڤێکی تر زەوت بکات. سزای لەسێدارەدان نەک هەر دەرفەتی بەخۆدا چوونەوە و قەرەبووکردنەوەی هەڵەکان لە کەسەکان دەستێنێتەوە، بەڵکوو کۆمەڵگاکان لە گرتنەبەری ڕێکاری ئینسانیی و کاریگەر بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتی و یاساییەکان بێبەش دەکات. لە زۆربەی وڵاتەکانی جیهان گەیشتوونەتە ئەو دەرەنجامەی کە سزای لەسێدارەدان نەک هەر ڕێگری لە تاوان ناکات، بەڵکوو لە زۆر حاڵەتدا نادادپەروەریی لە قەرەبوو نەهاتووی لێدەکەوێتەوە. کاتێک سەرچاوەکانی تاوان دەگەڕێتەوە بۆ نایەکسانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی، لەسێدارەدانی قوربانیانی ئەم سیستەمە نادادپەروەرە، خۆی گەورەترین نادادپەروەرییە. زیاتر لە ١٧٠ ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان سزای لەسێدارەدانیان هەڵوەشاندۆتەوە. پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکانی ساڵی (١٩٦٦) لەسەر هەڵوەشاندنەوە یان سنووردارکردنی توندی سزای لەسێدارەدان جەخت دەکاتەوە. زۆربەی دەوڵەتەکانی جیهان وەک سزایەکی نامرۆڤانە و ئامرازێک بۆ ئەستاندنی گیانی مرۆڤ، بە تەواوی وازیان لەم سزایە هێناوە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە، شەریعەتی ئیسلامی و حکوومەتە ئیسلامییەکان هەروا وەک سەرسەختترین بەرگریکارانی سزای لەسێدارەدان ماونەتەوە و کۆماری ئیسلامی ئێران لە سەرووی ئەم لیستە شەرمەزارەدایە

ئێستا خواستی خەبات لەدژی سزای لەسێدارەدان بووەتە داواکارییەکی کۆمەڵایەتی بەربڵاو. ئەم "نا" گەورەیە لەدژی کوشتنی بە ئەنقەستی دەوڵەتیی، کەمپینێکی بەربڵاوە کە هەر لە زیندانەکانەوە بگرە تا شەقامەکانی ئێران و دەرەوەی وڵات بەردەوامە. ئازادی دەستبەجێی زیندانیانی سیاسی و هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان لە ئێران، پێویستی بە خەباتێکی ئامانجدار و یەکگرتووانە هەیە

بزووتنەوەی کرێکاریی: بە هێزی ڕێکخراوی خۆی، بزووتنەوەی ژنان: بە پێشەنگایەتی خەبات لەپێناو ئازادی، بزووتنەوەی خوێندکاریی: بە وزە و وشیاری خۆی، ڕێکخراوەکانی خانەنشینان، پارێزەران، پزیشکان، هونەرمەندان و نووسەران: بە ئەزموون و جێگە و پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان، دەتوانن لە بزووتنەوەیەکی سەرتاسەرییدا، نەک تەنها بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان، بەڵکوو بۆ ڕوخاندن و لەگۆڕنانی تەواوەتی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازاد، یەکسان و دادپەروەرانە، بەبێ زیندان و ئەشکەنجە، ئێعدام و تیرۆر، سانسۆر و سەرکوت، خۆیان ڕێکبخەن سزای لەسێدارەدان کوشتنی بە ئەنقەستی دەوڵەتییە. پێویستە لە بەرامبەر ئەم سزا دڕندانەیەدا لێبڕاوانە بەرگری لە مافی ژیانی مرۆڤ بکرێت. هەڵوێست وەرگرتنی ڕاشکاوانە و بێ شەرت و مەرج بەرامبەر بە سزای لەسێدارەدان لە هەر هەلومەرجێکدا، نەک هەر ئەرکێکی ئینسانییە، بەڵکوو بەشێکە لە خەباتێکی گەورەتر لەپێناو دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دەستەبەرکردنی ئازادیدا. ڕۆژی ١٠ی ئۆکتۆبەر کە ئەمساڵ بەرامبەرە لەگەڵ ١٨ی ڕەزبەر، دەرفەتێکە بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەم ڕاستییە سادە، بەڵام بنەڕەتییە: کە ژیان مافێکی بێ ئەملا ئەولای هەر مرۆڤێکە و هیچ دەوڵەت و یاسا و ئیدئۆلۆژییەک بۆی نییە ئەم مافە لە مرۆڤەکان زەوت بکات

**کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**١٥ی ڕەزبەری ١٤٠٤**

**٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٥**

****

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
# بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی خەبات بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان

لە سێدارەدان وەک توندترین و دڕندەترین شێوازی سزادان، بەردەوام لە ڕێژیمە دیکتاتۆر و تۆتالیتارییەکاندا وەک ئامرازێک بۆ سەرکوتکردن و لەناوبردنی سیستماتیکی نەیاران و کپکردنی دەنگی ئازادیخوازان بەکارهێنراوە. بە تێپەڕبوونی زیاتر لە دوو دەیە لە سەدەی بیست و یەک و لە دۆخێکدا کە مرۆڤایەتی لە بوارەکانی زانست و وشیاری و مافی مرۆڤدا پێشکەوتنی بەرچاوی بەدەستهێناوە، مرۆڤ هێشتا نەیتوانیوە بە شێوەیەکی کاریگەر بەرەنگاری ئەم کردەوە ڕێکخراو و نامرۆڤانەیە بێتەوە و ڕێگری بکات لەو دەسەڵاتانەی کە هەروا بەردەوامن لە جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان.

ئەمڕۆ ئیتر خەبات لە دژی سزای لەسێدارەدان تەنیا داواکارییەکی ئینسانی نییە، بەڵکوو دەنگدانەوەیەکە لە خواستی ژیان و ئازادی و کەرامەتی مرۆڤ. بە پێی ئامارە بەردەستەکان، لە ٩ مانگی سەرەتای ئەمساڵدا لانیکەم ١٠٥٠ کەس لە ئێران لە سێدارە دراون کە یەکێکیان منداڵ و ٢٩ کەسیان ژن بوون. بە سەرنجدان بە مێژووی نهێنی کارییەکانی کۆماری ئیسلامی و نەبوونی شەفافییەت لە بڵاوکردنەوەی ئامارەکان، بێ گومان ژمارەی ڕاستەقینە زۆر لەوە زیاترە. لەو ژمارەیە نزیکەی ٤٥٠ کەسیان تەنیا لە دوای شەڕی ١٢ ڕۆژەی ئێران و ئیسرائیل لەسێدارە دراون. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان ئەمساڵ ڕێژەی لەسێدارەدان بەشێوەیەکی گشتی بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو، پەرەی سەندووە دەسەڵات بەمەبەستی تۆڵەسەندنەوە لە بزووتنەوەی نارەزایەتی "ژن، ژیان، ئازادی" کە بۆ ماوەی چەند مانگێک لەسەر شەقام و مەیدانە گشتییەکانی زۆربەی شارەکاندا درێژەی کێشا و ئێستاش دوای زیاتر لە سێ ساڵ بە شێوازی جۆراوجۆر هەروا بەردەوامە، بە شێوەیەکی سیستماتیک و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لەسەر دەرکردن و پشتڕاستکردنەوە و جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان جەخت دەکاتەوە. ئەم ڕەوتە ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی سزای لەسێدارەدان وەک ئامرازێک بۆ سەرکوتی سیاسی و زاڵکردنی کەشی ترس و تۆقاندن بەسەر کۆمەڵگادا ئەمە لە حاڵێکدایە کە بە پێی ڕاپۆرتی ناوەندە نێودەوڵەتییە سەربەخۆکان و داتا باوەڕ پێکراوەکان، دۆخی قەیراناوی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ٢٠٢٥دا بە بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٤ لە بوارە ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، گەلێک دژوار و ئاڵۆزتر بووە.

قووڵبوونەوەی کەلێنی چینایەتی، لاوازتربوونی هەرچی زیاتری چینی مامناوەند، پەرەسەندنی هەژاریی هەوسارپچڕاوانە، بەردەوامبوونی هەڵاوسانی بانتر لە ٤٠ لەسەد، پەرەسەندنی گەندەڵی سیستماتیک لە هەموو ئاستەکانی حوکمڕانیدا، و هەروەها دابەزینی بەردەوامی بەهای دراوی وڵات، لە زومرەی ئەو قەیرانە پێکهاتەییانەن کە ڕاستەوخۆ لە سیاسەت و کردارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە سەرچاوە دەگرن. سەرەڕای زاڵبوونی کەشێکی زۆر ئەمنییەتی، نارەزایەتییە جەماوەرییەکان لە ناوچە جۆربەجۆرەکان هەروا بەردەوامە. نارەزایەتییەکان بەگشتی لەسەر بێتوانایی و داماویی حکوومەت لە دابینکردنی سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیان و خزمەتگوزارییە گشتییەکان جەخت دەکەنەوە. بێتوانایی ڕێژیم لە ئاست وەڵامدانەوە بەم پێداویستییە سەرەتاییانە، بە ڕوونی ئەوە نیشان دەدات کە کۆماری ئیسلامی لە لەگەڵ یەکێک لە قووڵترین قەیرانی مەشروعیەتی خۆی بەرەوڕوو بووەتەوە. لە ئاوا هەلومەرجێکدا سەرکوتکردن تاکە ئامرازێکە لەدەست ڕێژیمدا بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکەی، ئامرازێکی کە تارادەیەکی زۆر کاریگەرییەکانی پێشووی لەدەستداوە و بەهۆی پێشهاتەکانی ئەم دواییە و بەتایبەت شەڕی ١٢ ڕۆژە لەگەڵ ئیسرائیل، گورزی جددی بەرکەوتووە.

دوایین جینایەتی کۆماری ئیسلامی بریتی بوو لە لەسێدارەدانی زیندانیانی سیاسی محەممەد ڕەزا موقەدەم، موعین خەنفەری، سەید سالم موسەوی، عەلی موجدەم، حەبیب دریس، عەدنان ئالبوشۆکە لە خوزستان و سامان محەممەدی خەییارە خەڵکی سنە، لە کاتژمێرەکانی سەرەتای ڕۆژی ١٢ی ڕەزبەری ١٤٠٤دا. ئێمە وێڕای ئیدانەکردنی توندی ئەم جینایەتانە، چاوەڕوانی ئەوە دەکەین کە جەماوەر بەرامبەر بەم کردەوە وەحشیگەریانە بێ هەڵوێست نەبن و چالاکانە لە پێناو هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان خەبات بکەن. کۆماری ئیسلامی کە بەدەست کۆمەڵێک گوشاری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی بێ وێنە و قەیرانی مەشروعیەتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەوە دەناڵێنێت، بە چڕکردنەوەی سەرکوت و درێژەدان بە جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان، لە هەوڵی پاراستنی دەسەڵاتی خۆیدایە. پێویستە ڕێکخستنی نارەزایەتی هاوئاهەنگ و بەردەوام و هەمەلایەنە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، لە پێشینەی کارەکانی چالاکییە جەماوەرییەکان بێت. ئەگینا کۆمەڵگا هەروا بەردەوام شاهیدی زیندانیکردن و ئەشکەنجە و دەستدرێژی و لەسێدارەدانی کەسانێک دەبێت کە تاکە تاوانیان بریتییە لە خواستی مافی ژیانێکی باشتر بەپێی ڕاپۆرتی سەرچاوەکانی مافی مرۆڤ، لانیکەم ٧٠ زیندانی سیاسی مەترسیی لەسێدارەدانیان لەسەرە. لەوانە شەریفە محەممەدی، وریشە موڕادی و پەخسان عەزیزی. ئەم دۆخە نیگەرانییەکی جیددی سەبارەت بە توندتربوونەوەی سەرکوت و پێشێلکاری بەربڵاوی مافی مرۆڤ لە ئێران دروست کردووە. ئێمە بە بیستنی ئەم ڕاپۆرتانە گەلێک نیگەرانین و چاوەڕوانی ئەوە دەکەین کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرامبەر بەم تاوانانە کاردانەوەی هەبێت و ڕێوشوێنی کردەیی و دەستبەجێ بگرێتەبەر بۆ پاراستنی گیانی ئەو کەسانە.

خەبات لە دژی سزای لەسێدارەدان نابێت تەنها لە ئەستۆی گروپێک یان توێژێکی دیاریکراوی کۆمەڵگا بێت. ئەم خەباتە پێویستە ببێتە ئەرکێکی ئینسانی و ئەخلاقی سەرجەم تاکەکان. بێدەنگ بوون لە ئاست پێشێلکردنی "مافی ژیان" کە حکوومەتەکان و پێکهاتەکانی دەسەڵات کردوویانە بە ئامرازێک بۆ پاراستنی باڵادەستی و بەرژەوەندییەکانی خۆیان، بە واتای قبوڵکردنی ئەم تاوانەیە. خەبات لە دژی هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان، بەر لەوەی هەڵوێستێکی سیاسی بێت، بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقی و ئینسانییە

ئێمە وێڕای هاوسۆزی و هاوپشتی قووڵ و بێ درێغی خۆمان لەگەڵ خەباتی دادپەروەرانەی کرێکاران، مامۆستایان، ژنان، خوێندکاران و سەرجەم چین و توێژە ستەملێکراوەکان، لێبڕاوانە پشتیوانی دەکەین لە کەمپەینی "سێشەممەکانی نا بۆ لەسێدارەدان"، کە ئێستا پێی ناوەتە ٨٩یەمین هەفتەی خۆیەوە. لەم چوارچێوەیەدا زیندانیانی سیاسی و ئەقیدەتی لە پەنجا و دوو زیندانی وڵاتدا ڕۆژانی سێشەممەی هەموو هەفتەیەک بە مانگرتن لە خواردن لە دژی سزای لەسێدارەدانی نامرۆڤانە و دژە مافی مرۆیی، نارەزایەتی دەردەبڕن. ئێمە لەو بڕوایەداین کە لێکهەڵپێکانی بزووتنەوەی دژ بە سزای لەسێدارەدان لەگەڵ خەباتی بەربڵاو و عەداڵەتخوازانەی جەماوەری، زەبری کاریگەر و چارەنووسساز بە پێکهاتەی سەرکوتگەرانەی ڕێژیم دەگەیەنێت.

کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لێبڕاوانە و بێ شەرت و مەرج، خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی دەستبەجێ و تەواوەتی هەموو شێوازەکانی سزای لەسێدارەدان لە ئێرانە. ئێمە داوا لە سەرجەم ناوەندە نێودەوڵەتییەکان، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، حیزبە پێشکەوتنخوازەکان و هێز و لایەنە دێموکراتیکەکان لە سەرانسەری جیهان دەکەین بە هەر شێوەیەک کە دەتوانن گوشار بخەنەسەر کۆماری ئیسلامی و ناچاری بکەن دەستبەجێ سەرجەم ئێعدامەکان لە ئێران ڕابگرێت. هەروەها داوا لە سەرجەم هێز و لایەنە خەباتکار و ئازادیخوازەکانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات دەکەین کە خواستی هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان، بکەن بە یەکێک لە ویست و داخوازییە سەرەکییەکانی خەبات و تێکۆشانیان. بێ گومان هەر هەنگاوێک و هەر چالاکییەک لەم بوارەدا دەتوانێ ئەڵقەیەکی کاریگەر بێت لە زنجیرەیەک، کە سەرەنجام دەبێتە هۆی دارمانی تەواوەتی نەزمی کۆنەپەرستانە و دژە خەڵکی کۆماری ئیسلامی.

خەبات لەدژی سزای لەسێدارەدان، هەنگاوێکە بەرەو ئازادی، بەرابەری و دادپەروەری.

**کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی**
**حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
**٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٥**

****

**پێشڕەو**

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

ئێدیتۆر:
ئیبراهیم علیزادە

**نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان**

Add:
Sulaymaniyeh - Rizgari st
Tel: 00964-7701567854

**نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات:**

Tel: 0046-738041917

**تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کۆمەڵە**


Yahsat 1A 52.5E
Ferq: 12149
SymbolRate: 27500
Fec : Auto
www.tvkomala.com

**ڕادیۆکان**

بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر ماهوارەی یاهست ئاش بڵاوبوونەوی بەرنامەکانی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە بڵاو دەبێتەوە.

دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٦٦ - ڕەزبەری ١٤٠٤ - ئۆکتۆبری ٢٠٢٥

# ڕۆژی جیهانی موعەلیم، وەبیرهێنەرەوەی خۆڕاگریی بزووتنەوەی بەهێزی موعەلیمانی ئێران




ڕۆژی یەکشەممە پێنجی ئۆکتۆبر بەرامبەر بە ١٤ی ڕەزبەر ڕۆژی جیهانی موعەلیم بوو. ئەم ڕۆژە، ساڵی ١٩٩٤ لەلایەن ڕێکخراوی زانستی– فەرهەنگی و پەروەردەیی نەتەوە یەکگرتووەکان (یونسکۆ) و ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کارەوە وەک ڕۆژی جیهانی موعەلیم دیاریکرا. مەبەست لە ڕاگەیاندنی ئەم ڕۆژە، بریتییە لە "پێزانین و ڕێزگرتن لە موعەلیمان و لێکۆڵینەوە لە کێشەکانیان لە سەرانسەری جیهاندا". بەڵام ئەم ڕۆژە کاتێک مانای ڕاستەقینەی خۆی دەبەخشێت کە، ئاوڕێک لە واقیعە تاڵەکانی ژیانی موعەلیمان بەتایبەت لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامیدا بدەینەوە. ئامارەکانی یونسکۆ دەریدەخەن کە یەک لەسەر سێی مامۆستایانی جیهان لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین. بەڵام لە ئێران ئەم ئامارە دەگاتە زیاتر لە سێ لەسەر چواری موعەلیمان. ئەمە لە کاتێکدایە کە سەرمایەدارانی ئێران زانست وەک کاڵایەکی بازرگانی دەفرۆشن و لە بەرهەمی ڕەنج و کاری موعەلیمان قازانجێکی زۆر و زەوەند دەخەنە گیرفانی خۆیانەوە. موعەلیمان، کە دەبێ داهێنەر و خوڵقێنەری بیر و هزر بن، ئەمڕۆ ناچارن بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆیان بە دوای کاری دووەم و سێیەمدا بگەڕێن. چۆن چاوەڕوانی ئەوە لە کەسانێک دەکرێ کە بیر و زەینی نەوەی داهاتوو گەشە پێبدات، کاتێک کە خۆی لە داوی نیگەرانییەکانی ڕۆژانەدا، گرفتارە؟

بەڵام گرفتە بژێویی و کۆمەڵایەتییەکانی موعەلیمان تەنها لەوەدا خۆی نابینێتەوە. موعەلیمانی خانەنشین، کە تەواوی تەمەنی گەنجی و مامناوەندی خۆیان لەپێناو پەروەردە و بارهێناندا تەرخانکردووە، ئێستا لە تەمەنی پیریدا و بە مووچەیەکی کەم، لەوپەڕی هەژاریدا دەژین. لە وەها هەلومەرجێکدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بری دابینکردنی پێداویستییەکانی موعەلیمان و وەڵامدانەوە بە ویست و داواکارییە ڕەواکانیان، بە سەرکوتکردنی داخوازییە ئینسانی و ئەخلاقییەکانیان، ئەو دۆخە هەنووکەییە پەرە پێدەدات. موعەلیمانی ئێران، لەبری ئەوەی بتوانن بیر لە گەشەپێدانی زانست و زانیاری خۆیان بکەنەوە، ناچارن زۆربەی کاتەکانیان بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان تەرخان بکەن. ئەم بابەتە نەک هەر زیان بە ئاست و کوالێتی پەروەردە دەگەیەنێت، بەڵکوو گوشارەکانی ژیانی ڕۆژانە، مێشک و دەروونیان ماندوو و شەکەت دەکات.

لە لایەکی دیکەوە گوشارە سیاسی و نیزامییەکان لەسەر سیستەمی پەروەردە دەرئەنجامی کارەساتباری بەدواوە بووە. موعەلیمان نەک هەر ناچارن سیاسەتە کۆنەپەرستانەکانی ڕێژیم پەیڕەو بکەن، بەڵکوو هاوکات لەگەڵ سەرکوت و سوکایەتی پێکردن بەرەوڕوو دەبنەوە. بەڵام کێشەکانی ژیانی ئەم توێژە بێبەشەی کۆمەڵگا تەنها لەوەدا سنووردار نابێتەوە کە لە ژیانێکی شایستە بەهرەمەند نین، بەڵکوو ناچاریش دەکرێن پەرە بە پەروەردەیەک بدەن کە بە تەواوی ئاوێتەیە لەکەڵ خورافات و کۆنەپەرستی.

یەکێک لە ڕەنج و ئازارە گەورەکانی موعەلیمانی شەریف و خەباتگێڕ، بریتییە لە نفووز و کاریگەریی ئایین لە پرسی پەروەردە و بارهێناندا. هەڵاواردنی جێندەری، سەپاندنی ناوەڕۆکی دژە زانستی و بوونی سیخوڕ و دەرچووانی ناوەندە دژە زانستییەکان لە قوتابخانەکان بە مەبەستی جێبەجێکردنی پلانە ئایدۆلۆژییەکانی ڕێژیم، لە زومرەی ئەو پرسانەن کە موعەلیمانی خەباتگێڕ و تێکۆشەریان بێزار کردووە. بارودۆخێکی لەو شێوەیە جەستەی موعەلیم ماندوو و شەکەت دەکات و بیر و زەینی تێکدەدات

موعەلیمانی ئێران خاوەنی کۆمەڵێک ویست و داواکاریی دادپەروەرانەن کە سەرجەمیان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە قبوڵکراون. بۆ نموونە: زیادکردنی حەقدەست بۆ سەرووی هێڵی هەژاری، بەهرەمەندبوون لە بیمەی کارا و خزمەتگوزاری گونجاو، یەکسانکردنی حەقدەستی خانەنشینان و فەرمانبەران، دەستەبەرکردنی خوێندنی بێبەرامبەر و خاوەن کوالێتی بۆ هەموو منداڵان، بەتایبەتی لە ناوچە بێبەشەکان، ستانداردکردن و بردنەسەرەوەی ئاستی ئاسایش و ئەمنییەتی قوتابخانەکان، دابینکردنی ئیمکاناتی فەرهەنگی و کات بەسەربردن بۆ خوێندکاران، ڕاگرتنی سیاسەتی بەپارەکردنی خوێندن، کۆتاییهێنان بە پەروەندەسازی و ئەمنییەتی کردنی چالاکییە پیشەییەکان. بەڵام کۆماری ئیسلامی لە بری وەڵامدانەوە بەم داواکارییە ڕەوایانە، پەنا دەباتە بەر گرتن، لەسەرکار دەرکردن، زەوتکردنی مافی کارکردن و ئەمنییەتی کردنی کەشی پەروەردە. بەڵام سەرەڕای گوشار و سەرکوت و ئاستەنگەکان، خەباتی موعەلیمان لەپێناو ویست و داواکاری دادپەروەرانە و ئازادی هاوپیشەکانیان هەروا بەردەوامە. دەستگیرکردن، لەسەرکار دەرکردن و هەڕەشەکردن نەیتوانیوە موعەلیمان ناچار بکات واز لە بەدواداچوونی مافە ڕەواکانی خۆیان بهێنن. ئەم خۆڕاگرییە دەریدەخات کە بزووتنەوەی موعەلیمان بەشێکە لە بزووتنەوەیەکی بەربڵاوتری کرێکاری و کۆمەڵایەتی کە خوازیاری گۆڕانکاریی ڕیشەییە لە بنەما سیاسی و ئابوورییەکانی ئێراندا

ڕۆژی جیهانی موعەلیم بۆ کرێکارانی وشیار، وەبیرهێنەرەوەی سەرجەم ئەو بێ عەدالەتیانەیە کە بەسەر جەماوەری زەحمەتکێشی کۆمەڵگادا سەپێنراوە. ئەم ڕۆژە دەرفەتێکە بۆ ڕێزگرتن لە خەباتی موعەلیمان، وەبیرهێنانەوەی دەستکەوتەکانیان و جەختکردنەوە لەسەر پێویستی بەرگریکردن لە داواکارییەکانیان. موعەلیمانی زەحمەتکێش و بێبەشی ئێران، ئەو مرۆڤە شەریف و خاوەن ویست داواکارییە دادپەروەرانەن کە شایەنی بەربڵاوترین و شێلگیرانەترین پشتیوانین.

ئەمڕۆ جیهان زیاتر لە هەمیشە پێویستی بە موعەلیمی پسپۆڕ، ئاسوودەخاتر. بێخەم و خاوەن وەرەی بەرزی ئینسانیی هەیە. لەو ڕووەوە کە یەکەم چەخماخەکانی بیرکردنەوە لە قوتابخانەکاندا لێدەدرێت، پشتیوانیکردن لە موعەلیمان لە ڕاستیدا بە واتای بەرگریکردنە لە داهاتووی کۆمەڵگا. پێویستە لە ڕۆژی جیهانی موعەلیم دا ئەوەمان لەبیربێت کە موعەلیمان، ئەم بوونەوەرە شەریف و دڵسۆزانە، شایستەی زۆرترین پشتیوانی و پاڵپشتیکردنن. هەروەها بزووتنەوەی موعەلیمانی ئێران، وەک بەشێک لە بزووتنەوەی کرێکاریی، لە ڕیزێکی یەکگرتوودا لەگەڵ سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش و بێبەش، لە هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی مافەکانیان و کۆتاییهێنان بە سیاسەتی سەرکوتگەرانەی کۆماری ئیسلامی.

وێڕای پیرۆزبایی ئەم ڕۆژە لە سەرجەم موعەلیمانی خەباتکار و تێکۆشەر، دڵنیاین کە بزووتنەوەی موعەلیمانی ئێران شانبەشانی بزووتنەوەی کرێکاری و سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش و بێبەشی ئەم وڵاتە، سەرەنجام ئامانج و داواکارییە ڕەوا و عادڵانەکانیان دەستەبەر دەکەن. داکۆکیکردن لە مافی موعەلیمان داکۆکیکردنە لە مافی خوێندن بۆ هەمووان و بەرگریکردنە لە داهاتوویەکی گەشتر. سەرەنجام ڕۆژێک دێت کە موعەلیمان بەوپەڕی ڕێز و کەرامەتەوە لە کۆمەڵگەیەکی بەری لە خورافات و کۆنەپەرستیدا بژین و پەروەردەیەکی دروست و ئینسانی بۆ نەوەکانی داهاتوو دابین بکەن

****

## لاپەڕە فەرمیەکان لە سۆشیال میدیا

@Komalamedia

@Komala

## ماڵپەڕی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

Tvkomala.com

## ماڵپەڕی هەواڵنێری پەیام

Payaam.net

## ماڵپەڕە حیزبیەکان

Komalah.org

Cpiran.net

yadihawrean.com

# گەڕانەوەی سزاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و قەیرانی ئابووری و سیاسەتە دژە جەماوەرییەکان



دانوستانە بێ ئاکامەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە پەراوێزی کۆبوونەوەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەڵوێستی توندی خامنەیی سەبارەت بە دانوستانە ئەتۆمییەکان، جگە لە قووڵکردنەوەی قەیرانی سیاسی و پەرەپێدانی مەترسییەکانی دەستپێکردنەوەی شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل، ئابووری ئێرانی لەگەڵ مەترسی ئەگەری سەپاندنی سزای نوێ و بەربڵاوتر بەرەوڕوو کردووەتەوە. ئەم دۆخە تەنانەت بەر لە دەستپێکردنەوەی فەرمی سزاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، کاریگەرییەکی وێرانکەری لەسەر ئابووری ئێران و بەتایبەتی بژێوی ژیانی خەڵکی ئاسایی داناوە. دابەزینی نرخی تمەنی ئێران بۆ ئاستی یەک دۆلار بەرامبەر بە سەد و دە هەزار تمەن، نیشانەی قووڵایی ئەو قەیرانە ئابوورییەیە کە وڵاتی داگرتووە. ئەم بەرزبوونەوە بەرچاوەی نرخی دراو، توانای کڕینی بنەماڵەکانی بەڕادەیەکی زۆر کەم کردووەتەوە و ژیانی کرێکاران و چین و توێژە کەمداهاتەکانیی خستووەتە ژێر گوشارێکی کارەساتبارتر لە پێشوو. واقعییەت ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لە گێژاوی قەیرانێکی قووڵی ئابووریدا گرفتار بووە کە هیچ ڕێگە چارەسەرێکی سادەی بۆی نییە. ئەم قەیرانە کە ڕیشەی پێکهاتەیی هەیە، ئاکامی ئەو سیاسەتانەیە کە ئەم دەسەڵاتە لە ماوەی ٤٦ ساڵی ڕابردوودا پەیڕەوی کردووە

تەرخانکردنی بودجەیەکی زۆر و زەوەند بۆ پرۆژە سەربازییەکان و لەوانە پرۆژەی پیتاندنی یۆرانیۆم، بەو هیوایەی کە مانەوەی خۆی لە ڕێگەی بەرفراوانکردنی دەسەڵاتی ناوچەییەوە گەرەنتی بکات و بوونی خۆی بەسەر دەوڵەتەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوادا بسەپێنێت، هەزینەی لەڕادەبەدەری ناوەندە ئاینیی و دام و دەزگا ئەمنییەکان و خەرجکردنی بودجەیەکی زۆر بۆ دەستێوەردانە ناوچەییەکان، تیرۆری نەیاران لە سەرتاسەری جیهان، گەندەڵی بەربڵاو و هەوسارپچڕاوانە و ناکارامەیی، لە زومرەی ئەو هۆکارانەن کە بە پلەی یەکەم گوشارەکانی سەر ژیان و بەڕێچوونی کرێکاران و زۆربەی هەرەزۆری خەڵکیان توندتر کردووەتەوە. هاوکات سزا دەرەکییەکان و پەراوێزکەوتنی نێودەوڵەتی، کەسب و کاری بەتەواوی وەستاندووە و وەبەرهێنان و گەشەی ئابووریی لەگەڵ ئاستەنگی جددی بەرەوڕوو کردۆتەوە. ئەم سیاسەتانە بۆتە هۆی ئەوەی کە دانیشتوانی وڵاتێکی کە لەسەر دەریایەک لە سامانی سروشتیی هەڵکەوتووە، لەوپەڕی هەژاری و بێدەرەتانیدا بژین. ئامارەکان نیشان دەدەن کە نزیکەی ٧٠ لەسەدی کرێکاران و زەحمەتکێشانی وڵات لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین. لە وەها هەلومەرجێکدا حکوومەت بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانی بودجەی خۆی، دەستدرێژی کردووەتە سەر سفرەی کرێکاران و زەحمەتکێشان. کەمبوونەوەی خزمەتگوزارییە کۆ مە ڵا یە تییە کا ن ، بەرزبوونەوەی نرخی پێداویستییەکان، هەڵاوسانی بەربڵاو و دابەزینی توانای کڕین، بارودۆخی ژیانی بێبەشانی بە چەند قات قورستر کردووە

لۆژیکی سەرمایەداریی لە کۆماری ئیسلامیدا بەشێوەیەکی زەقتر خۆی نیشان داوە: کرێکاران هێندە بە هەژاری دەهێڵرێنەوە کە هیچ کاتێکی بەتاڵیان بۆ بەسەربردن نەبێت، بەڵام ئەوەندەش هەژار ناکرێن کە نەتوانن بژێوی سەرەتایی ژیانیان دابین بکەن. ئەم سیاسەتە کرێکاران لە حاڵەتی مانەوەی ڕۆژانەدا دەهێڵێتەوە و ئیمکانی ڕێکخستنی نارەزایەتی ڕێکخراویان لێ زەوت دەکات. تاکە ڕێگە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم نەهامەتییە ئابوورییانە، بریتییە لە وەڕێخستنی بزووتنەوەی داواکاری تەوەرە بەهێزەکان. کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش دەبێ لە ڕێگەی پێکهێنانی یەکێتییە سەربەخۆکان و مانگرتنی ڕێکخراو و نارەزایەتیی ئاشتیانەوە داواکارییەکانیان بخەنە ڕوو

واقعییەت ئەوەیە کە گەمارۆ ئابوورییەکان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئامانجە سیاسییەکانیان، بەکردەوە سیاسەتێکی بەتەواوی دژە خەڵکین. ئەم سیاسەتانە کە لە لایەن زلهێزە ڕۆژئاواییەکانەوە دەسەپێنرێن، هەرچەندە بە ڕواڵەت ئامانجیان حکوومەتە، بەڵام لە واقیعدا قورساییەکەی بە شێوەیەکی سەرەکی دەکەوێتە سەر شانی خەڵکی ئاسایی. سیاسەتمەدارانی ئەمریکا و ئورووپایی باش ئاگاداری ئەو ڕاستییەن کە سزاکان دەبێتە هۆی پەرەسەندنی نەهامەتی و هەژاریی گشتی. ئامانجی ئەوان ئەوەیە کە هاووڵاتیانی ئاسایی بخەنە ژێر گوشارەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی نارەزایەتییەکانەوە ڕێژیمی ئێران ناچار بە گۆڕینی سیاسەتەکانی بکەن. ئەم ئاراستەیە کە بە کردەوە خەڵک دەکات بە بارمتەی ناکۆکییە سیاسییەکان، نموونەیەکە لە بەکارهێنانی ڕەنج و ئازارەکانی مرۆڤ وەک ئامرازێک بۆ گوشاری سیاسی

بەڵام خەڵکی ئێران بەرامبەر بەم هەژاریی و تاڵانچێتییە، بێدەنگ و بێ هەڵوێست نەبوون. ئاخێزەکانی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ لەلایەن جەماوەری هەژار و بێبەشەوە بەڕێوەچوو. ئەوان لە ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ١٤٠١-١٤٠٢ بە دروشمی (ژن، ژیان، ئازادی) سەرلەنوێ هاتنەوە مەیدان، ئەمجارەیان خەبات لە دژی هەژاریی گرێدرا بە چەند فاکتەرێکی بنەڕەتیی دیکەی وەک ستەم و سەرەڕۆیی و ئایین و پیاوسالارییەوە. لە هەلومەرجێکدا کە ستەم و سەرەڕۆیی و خەفەقان، هەڵاوسان و گرانی، بێکاریی دەیان ملیۆن کەسی، برسێتی و هەژاریی و کەلێنی قووڵی چینایەتی، ژیانی چین و توێژە ستەملێکراوەکانی کۆمەڵگای کردووە بە دۆزەخ. بێ گومان جەماوەری کرێکار و خەڵکی ئازارچێشتووی ئێران کە ٤٦ ساڵە لەژێر دەسەڵاتی ئەم ڕێژیمە چەوسێنەر و تاوانکارەدا لەپێناو باشترکردنی بارودۆخی کار و گوزەرانی خۆیان خەبات دەکەن، لەم هەلومەرجەی ئێستاشدا لەسەر خەبات و تێکۆشانی خۆیان بەردەوام دەبن. کرێکاران و ئەو جەماوەرە ئازارچێشتووەی کە گوشارەکانی بژێوی ژیان تەنگی پێ هەڵچنیون، هیچ ڕێگایەکیان نییە جگە لەوەی کە بە مەبەستی باشترکردنی بارودۆخی ژیان و دەربازبوونیان لەو دۆزەخەی کە ڕێژیمی سەرمایەداری ئیسلامی دروستی کردووە، قۆڵی هیممەتی لێ هەڵبماڵن و بەبێ ترس لە سەرکوت و گرتن و زیندانی کران، شێلگیرانە و لێبڕاوانەتر لە هەمیشە، لە دژی سەبەبکاران و ئەو کەسانەی کە هۆکاری ئەم هەژاریی و نەهامەتییە ئابوورییەن، خەباتی چارەنووسسازی خۆیان لە هەموو بوارەکاندا بەرەوپێش ببەن

****

ی ئۆکتۆبەر ڕۆژێکە کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەک ڕۆژی جیهانی منداڵانی کچ ناوزەد کراوە. مەبەست لەم ڕۆژە تیشک خستنەسەر نایەکسانی جێندەری و ڕەخساندنی دەرفەتی زیاترە بۆ کچانی خوار ١٨ ساڵ تەمەن لە سەرانسەری جیهان. ڕۆژی جیهانی منداڵانی کچ وەبیرهێنەرەوەی پێویستی بینین و بیستنی دۆخی کچانی خوار ١٨ ساڵە کە بە شێوەیەکی پێکهاتەیی ڕووبەڕووی هەڵاواردن دەبنەوە. مەبەست لەم ڕۆژە بریتییە لە بردنەسەرەوەی ئاستی وشیاری گشتیی سەبارەت بە نایەکسانی جێندەری و ناچارکردنی حکوومەتەکان بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی کاریگەر، ڕێگە خۆشکردن بۆ زیاترکردنی دەرفەتی یەکسان لە بوارەکانی پەروەردە، تەندروستی، ماف، ئەمنییەت و بەشداری کۆمەڵایەتی. بەڵام کەلێنی نێوان ئامانجە ڕاگەیەندراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و واقیعی ژیانی ملیۆنان کچ، بەتایبەتی لەو کۆمەڵگایانەی کە یاسا و کولتوور و پێکهاتەکانی دەسەڵات هاوکات، لە دژیان ڕیزیان بەستووە، زۆر قووڵە. ئامارەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یونیسێف، وێنەیەکی تاڵ لە دۆخی کچان لە سەرانسەری جیهان دەخەنەڕوو. بەگوێرەی داتا نێودەوڵەتییەکان تا ئێستاش دەیان ملیۆن کچ لە خوێندنی سەرەتایی بێبەشن. لە زۆرێک لە وڵاتەکان، لە هیندستانەوە بگرە تا کۆمەڵگا بێبەشەکان، کچبوون واتە بەرەڕووبوونەوە لەگەڵ دوو تێچووی گەورەی کۆمەڵایەتی و ئابووری کچانی تەمەن پێنج بۆ چواردە ساڵ لە جیهاندا، سەدان ملیۆن کاتژمێر زیاتر لە هاوتەمەنە کوڕەکانی خۆیان لە ناوماڵەکاندا کار دەکەن، کارێکی نادیاری کە پەروەردە و تەندروستیان دەکاتە قوربانی. بەپێی خەمڵاندنەکان ٢٠٠ ملیۆن کچ لە جیهاندا خەتەنەکراون و ساڵانە سێ ملیۆن کچ لەژێر هەڕەشەی ئەم مەترسییەدان. ساڵانە ١٢ ملیۆن کچی کەم تەمەن بەناچاری هاوسەرگیری دەکەن و هەر ئێستا لە هەر پێنج ژن لە جیهاندا، ژنێک پێش تەمەنی ١٨ ساڵی هاوسەرگیری دەکات، نوێترین توێژینەوەی یونیسێف دەریدەخات کە لە هەر هەشت کچ لە جیهاندا یەکێکیان بەر لە تەمەنی ١٨ ساڵی، تووشی توندترین جۆری توندوتیژی سێکسی و دەستدرێژی سێکسی بووەتەوە. لە ناوچە شەڕ لێدراو و قەیراناوییەکانی وەک غەززە، ئۆکراین، یەمەن، لوبنان و هتد... کچان تەنانەت لەگەڵ ئاستێکی زۆر زیاتر لە توندوتیژی، بێ ماڵ و حاڵی، بێ سەرپەرشتبوون، دابڕان لە قوتابخانە و نائەمنی درێژخایەن بەرەوڕوو دەبنەوە. ڕۆژی جیهانی منداڵانی کچ لە ئێران بە لێکدانەوەیەکی زۆر جیاواز و تەنانەت دژ بە ئامانجە نێودەوڵەتییەکانیش بەڕێوە دەچێت. ئەم ڕۆژە لە ساڵی ١٣٨٦ەوە لە ساڵنامەی ئێراندا جێگیر بووە، بەڵام نەک لە ١١ی ئۆکتۆبردا، بەڵکوو هاوکاتە لەگەڵ ڕۆژی لەدایکبوونی فاتیمەی زەهرا. ئەم هەڵبژاردن و پێناسە تایبەتە لە وشەی "کچ" کە بە پێچەوانەی پێناسەی نەتەوە یەکگرتووەکان، تەمەنێکی دیاریکراو ناگرێتەوە و تەنیا جەخت لەسەر کچێنی ژن دەکاتەوە. بەرنامەکانی ڕۆژی کچان لە ئێران، لەسەر " غیفاف و پاک ڕەوشتی کچان" جەخت دەکەنەوە، نەک لەسەر وشیاریی ئەوان




سەبارەت بە هەڵاواردنی ڕەگەزیی یان پشتیوانی لەو دەرفەتانەی کە دەتوانێت یارمەتیان بدات بگەن بە سەربەخۆبوون. تەبلیغات بۆ هاوسەرگیری پێشوەختە، داب و نەریتی "هاوسەرگیری" و ڕەچاوکردنی ڕێوشوێنی "ئیمامە شیعەکان"، بەشێکن لە پێکهاتەی سیستەمی پەروەردەی ئێران بۆ کچان. کچان لە ئێران ڕووبەڕووی هەڵاواردنێکی قووڵی پێکهاتەیی دەبنەوە. پشکی کچ لە میرات نیوەی کوڕە. لە ناوچە بێبەشەکاندا ساڵانە هەزاران خوێندکاری کچ بە هۆکاری جۆراوجۆر واز لە خوێندن دێنن یەکێک لە ئاستەنگە جیددییەکانی بەردەم کچان لە ئێران، بریتییە لە هاوسەرگیری پێشوەختە. لە ڕژێمی ئیسلامیدا هاوسەرگیری کچانی تەمەن ٩ ساڵ یاساییە و سەرەڕای بوونی یاسای جۆراوجۆر، دایک و باوک دەتوانن کچانی تەمەن ٩ ساڵ بە شوو بدەن. زۆرێک لەو هاوسەرگیریانە بەتایبەت هاوسەرگیری کچانی بنەماڵە هەژار و کەم داهاتەکان و کچانی پەنابەری ئەفغانستانی لە ئێران، هیچکات و لە هیچ شوێنێک تۆمار ناکرێت. بەپێی ناوەندی زانیاریی ڕێکخراوی تۆماری مەدەنی، ساڵانە نزیکەی ١٥٠٠ بۆ ٢٠٠٠ کۆرپە لە دایکانی خوار تەمەنی ١٥ ساڵ لە ئێران لەدایک دەبن. ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەم جۆرە هاوسەرگیریانە لە زۆرێک لە وڵاتەکانی جیهان بە دەستدرێژیکردنە سەر منداڵان و کردەوەیەکی تاوانکارانە دادەنرێت، بەڵام لە کۆماری ئیسلامیدا، بابەتێکی یاسایی و باوە. کچانی بنەماڵە هەژارەکان، کچانی دابڕاو لە خوێندن و کچانی کەم تەمەنی کار و سەر شەقامەکان، لەگەڵ هەموو جۆرە دژوارییەکی جەستەیی و دەروونی بەرەوڕوو دەبنەوە. بوونی یاسای ئیسلامیی کۆنەپەرست و دژە ژن و کولتووری پیاوسالاریی زاڵە بەسەر کۆمەڵگادا، کێشەکانی ئەم کچانەی گەلێک ئاڵۆزتر کردووە و ئەوانی لەگەڵ مەترسی باندەکانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ و مادده هۆشبەرەکان بەرەوڕوو کردووەتەوە ئەو کچە کەم تەمەنە بەشوو دراوانە کاتێک دەبنە دایک، ڕووبەڕووی کێشەی جۆراوجۆر دەبنەوە. زۆربەیان بەهۆی دووگیانی و منداڵبوون لە تەمەنێکی کەمدا، بۆ هەمیشە تووشی کێشەی توندی جەستەیی دەبن. ئەم کچانە نەک هەر لە سەردەمی منداڵیی بێبەش دەبن، بەڵکوو لە خوێندن و تەندروستی و دەرفەتی گەشەکردن و بەرەوپێشچوونیش بێبەش بوون.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای لە وڵاتانی ئەندام کردووە کە بە واژۆکردنی "ئەجێندای ٢٠٣٠"، هەوڵ بدەن تا ساڵی ٢٠٣٠ زایینی، بگەن بە یەکسانی جێندەریی تەواو. بەڵام کۆماری ئیسلامی ئێران خۆی لە واژۆکردنی ئەم بەڵگەنامەیە بواردووە، چونکە بە پێچەوانەی یاسای ئیسلامییە. ئەو ستەمە بنەڕەتییەی کە بەسەر منداڵانی کچدا دەسەپێندرێت، بەشێکە لە چەوساندنەوەی چینایەتی لە کۆمەڵگاکاندا و پێویستە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆتر وەک بەشێک لە چەوساندنەوەی ژنان پۆلێن بکرێت. نەهێشتنی بەشێک لەو ستەم و مەینەتیانە و بەدیهێنانی بەشێک لە مافەکانی ژنان، بە خەباتی یەکگرتووانەی سەرجەم مرۆڤە شەریف و ئازادیخوازەکان مومکینە. ڕۆژی جیهانی کچ دەرفەتێکە بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەو ئاستەنگ و ئاڵەنگارییە قووڵانەی کە منداڵانی کچ لە ئێران لەگەڵی بەرەوڕوو دەبنەوە و سەرچاوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ هەڵاواردنی یاسایی، کولتووری پیاوسالاری و هەژاریی. تا کاتێک ئەو پێکهاتانە نەگۆڕدرێن و کچان وەک مرۆڤی خاوەن مافی یەکسان نەناسرێن، ئەم ڕۆژە وەبیرهێنەرەوەی ئەو ئازار و مەینەتیانەیە کە ملیۆنان کچ لە ئێران ڕۆژانە بەدەستییەوە دەناڵێنن. لە وڵاتێکدا کە یاسا و سیاسەتی گشتی پشت بە کۆنترۆڵ و هەڵاواردن دەبەستێت، "ڕۆژی کچان" ناتوانێت ڕۆژی خۆشی و هیوا بێت. بەڵام مێژووش ئەوە نیشان دەدات کە خۆڕاگریی مەدەنی و بردنەسەرەوەی ئاستی وشیاری، هاوپشتی کۆمەڵایەتی و بەدواداچوونی شێلگیرانە، دەتوانێت ئەم دۆخە بگۆڕێت. بەهێزکردنی کچان نەک هەر مافی ئەوان، بەڵکوو مەرجێکە بۆ پێشکەوتن و تەندروستی هەر کۆمەڵگایەک. هەر هەنگاوێک کە پاشەکشە بە هەڵاواردن دەکات، لە قوتابخانەی ئەمنەوە بگرە تا یاسای دادپەروەرانە، سەرمایەیە بۆ داهاتوویەکی ئینسانی تر

****

# مەرگی سیستماتیک لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا، سیاسەتی سەرکوت تاکە ستراتیژی مانەوە



مەرگی سومەییە ڕەشیدی، زیندانییەکی سیاسی کە بەهۆی کەمتەرخەمی و پێڕانەگەیشتنی بە ئەنقەستی بەرپرسانی زیندان بە باری تەندروستییەکەی، گیانی لەدەستدا، تەنیا کارەساتێکی مرۆیی نییە، بەڵکوو نموونەیەکی ئاشکرای ئەو سیاسەتە سەرکوتگەرانەیە کە کۆماری ئیسلامی لەپێناو پاراستنی دەسەڵاتی خۆیدا بەکاری دەهێنێت. ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە، هاوکات لەگەڵ مەرگی هاوشێوەی جەمیلە عەزیزی، سودابە ئەسەدی، بێکتاش ئابتین، بێهنام مەحجووبی و ئەوانی تر، ئەوە نیشان دەدات کە مردن لە زیندانەکانی ڕێژیمدا نە بەرێکەوتە و نە ڕووداوێکی چارە هەڵنەگر، بەڵکوو بەرهەمی سیاسەتێکی ئاگایانەیە بۆ لەناوبردنی دژبەران. بە وتەی ٤٥ زیندانی سیاسی شایەتحاڵ و ١٥٠ زیندانی سیاسی پێشوو کە لە بەیاننامەیەکی ناڕەزایەتی هاوبەشدا بڵاویانکردووەتەوە، سومەییە ڕەشیدی لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا چەندین جار لە بەرچاوی هاوبەندەکانیدا تووشی گەشکە و تێکچوونی باری تەندروستی توند بووە. بەڵام هەرجارە و دوای گواستنەوەی بۆ ماوەیەکی کورت بۆ بنکەیەکی تەندروستی، بەبێ خەواندنی لە نەخۆشخانە و وەرگرتنی چارەسەری پێویست، دەگەڕێنرایەوە بۆ زیندان. ئەم ڕەفتارە سەرەڕای چەندین جار هۆشداری بە بەرپرسانی ڕێژیم، هەروا بەردەوام بوو و سەرەنجام بووە هۆی گیان لەدەستدانی. ئەم دۆخە ئەوە دەردەخات کە مەرگی سومەییە بەشێکە لە هەڵسوکەوتێکی سیستماتیک و بە ئەنقەست.

کاتێک کە زیندانییە نەخۆشەکان بەردەوام لە دەوا و دەرمان بێبەش دەکرێن و هۆشدارییەکان پشتگوێ دەخرێن، ئەم کەمتەرخەمییە خۆی دەبێتە جۆرێک لە ئەشکەنجەدان و کوشتن. کۆماری ئیسلامی بەم هەڵسوکەوتە نیشانی دەدات کە ژیانی زیندانیانی سیاسی بەلایەوە هیچ بەهایەکی نییە و بێبەشکردن لە دەوا و دەرمان ئامرازێکە بۆ سەرکوت و ترس و تۆقاندن. بێبەشکردن لە دەرمان، درەنگ ناردنی بە ئەنقەستی زیندانیان بۆ نەخۆشخانە، سنووردارکردنی دەستڕاگەیشتن بە پزیشکی پسپۆڕ و گەڕاندنەوەی نەخۆش بۆ بەندەکانی زیندان بەبێ ڕەچاوکردنی جێگە و شوێنی گونجاو بۆ خەواندن و چارەسەر، سەرجەمیان بەشێکن لە سیاسەتێکی دیاریکراو: شکست پێهێنانی خۆڕاگریی، کپکردنی دەنگەکان لە کاتێکدا ژیانی زیندانییەک بەهۆی نەبوونی دەستڕاگەیشتن بە دەوا و دەرمان دەکەوێتە مەترسییەوە، هەڵگری پەیامێکی ڕوونە: دەربڕینی ناڕەزایەتی تاوانە و خۆپیشاندەران تەنانەت مافی چارەسەریشیان نییە واقیعییەت ئەوەیە کە بەبێ زیندان و زیندانیی سیاسیی، کۆماری ئیسلامی یەک ڕۆژ لە دەسەڵاتدا نامێنێت. ئەم ڕێژیمە بنەمای دەسەڵاتەکەی لەسەر سەرکوت و ترس و خۆف و کپکردنی دەنگی نەیارانی خۆی بنیات ناوە. هۆکارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی پشت ئەم توندکردنەوەی سەرکوتە ڕوونە.

حکوومەت نوقمی گێژاوی زنجیرەیەک قەیرانی گەورە و چارە هەڵنەگرە، لەوانە: ناڕەزایەتی قووڵی کۆمەڵایەتی، شەپۆلی داواکاری کرێکاران، خانەنشینان، پەرستاران و دادخوازان و لاوازبونی تۆڕە پشتیوانییە دەرەکییەکانی کە بڕیار بوو "قوڵایی ئەمنییەتی" ڕژێم بن. سەرکوتی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان لە دەرەوە و توندکردنەوەی گوشارەکان لەناو زیندانەکاندا بووەتە تاکە ستراتێژی مانەوەی ڕێژیم. لە ڕاستیدا زیندانیکردن و ترس و تۆقاندن بوونەتە کۆڵەکەی سەرەکی ئەم دەسەڵاتە. بەڵام کۆمەڵانی خەڵکی ئێران ئێستا ئیتر قۆناغی ترسیان تێپەڕکردووە. ڕژیم ناتوانێت بە مەیلی خۆی کەشوهەوای ترس و خۆف بەسەر کۆمەڵگادا زاڵ بکات. جەماوەری ناڕازی و بێزار لە کۆماری ئیسلامی، لە بەرامبەر تاوانکاریی ناو زیندانەکان بێدەنگ و بێ هەڵوێست نابن. بڵاوبوونەوەی بەیاننامە ناڕەزایەتییەکان لە ناوخۆی وڵات و بزووتنەوە داواکاری تەوەرەکان و ئاشکراکردن و لەقاودانی بەردەوامی تاوانەکانی ڕێژیم، سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن

خەبات لەپێناو ئازادی زیندانیانی سیاسی و پشتیوانی لە بنەماڵەکانیان، هەنگاوێکی جیددییە لە خزمەت بە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و بنیاتنانی سیستەمێک کە تێیدا هیچ ئاسەوارێک لە ئێعدام و زیندانیانی سیاسی بوونی نەبێت. بێ گومان لەگەڵ ڕووخانی حکوومەتی ئیسلامی، دەرگای زیندانە سیاسییەکان تێکدەشکێن و ئەو ئینسانە شەریفانەی کە لە پێناو گەیشتن بە ئازادی و دادپەروەریدا، ئەشکەنجە و مەرگیان بە گیان کڕیوە، سەربەرزانە دەگەڕێنەوە باوەشی جەماوەر. بەڵام تا ئەو ڕۆژە، زۆر گرنگە کە ملیۆنان ئینسانی ناڕازی، هەموو هەوڵێکی خۆیان بخەنەگەڕ بۆ ڕێگریکردن لە لەسێدارەدان و ئەشکەنجەی زیندانیانی سیاسی و سەرەنجام ئازادکردنیان. دروشمی "ئازادی سەرجەم زیندانیانی سیاسی" دەبێت لە هەموو شوێنێک دەنگ بداتەوە. نابێ هیچکەس بەتاوانی خەبات لەپێناو مافی ڕەوای خۆی، بە تاوانی ناڕەزایەتی بەرامبەر بە نەهامەتی ئابووری و ستەم و سەرکوتگەرییەکان، یان بە تاوانی بیروباوەڕی جیاواز و چالاکی سیاسی، دەستبەسەر و زیندانی بکرێت. تا ئەو ڕۆژەی کە دەرگای زیندانەکان بەڕووی ئەو کەسانەدا دەکرێتەوە کە بەهۆی بیروباوەڕ یان ناڕەزایەتی دەربڕین زیندانی کراون، ئەرکی سەرشانی هەر هاوڵاتییەک و هەر ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنییە کە هەموو ئامرازەکانی بەردەست بەکاربهێنن بۆ ڕزگارکردنی گیانی زیندانیانی ئەمڕۆ و ڕێگریکردن لە دووپاتبوونەوەی کارەساتەکانی دوارۆژ. ئەگەر بڕیار بێت کەسانێک لە گۆشەی زیندانەکاندا بن، ئەوا تاوانباران و سەبەبکارانی ئەم دۆخەی ئێستان کە دەبێت بچنە زیندان، هەمان ئەو کەسانەی کە ژیان لە منداڵانی خەڵک زەوت دەکەن، ئەوانەی کە سەروەت و سامانی کۆمەڵگا تاڵان دەکەن و ئەم بارگرانیی و ئازار و بێبەشی و نادادپەروەرییەیان بەسەر خەڵکدا سەپاندووە لە ئاوا هەلومەرجێکدا، کاری یەکگرتووانە و هاوکارییەکی بەربڵاو لە دەوری دروشمی دیفاع لە ئازادی زیندانیانی سیاسی و هەڵوەشاندنەوەی سزای جینایەتکارانە، دەتوانێت هەنگاوێکی کردەیی و کاریگەر بێت. ئەو ڕێوشوێن و هەنگاوانەی کە دەتوانرێت بۆ ئەم مەبەستە بگیرێتەبەر بریتین لە: وەڕێخستنی کەمپەینی ڕاگەیاندن، کۆبوونەوەی مەیدانی کەم هەزینە، بۆ نموونە لە بەردەم زیندانەکان، بەدواداچوونی یاسایی و نێودەوڵەتی، بە لگە مە ند کر د ن و ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی ناو زیندانەکان، دامەزراندنی سندوقی پاڵپشتی بەمەبەستی خزمەتگوزاری یاسایی و دەروونی بۆ بنەماڵەی زیندانیان دەبێ دەستی کۆماری ئیسلامی لە گیانی ئەو ئازیزە بەندکراوانە کورت بکرێتەوە. تەنیا بە خەباتی یەکگرتووانە و ناڕەزایەتی بەربڵاوی جەماوەریی دەتوانرێت بەر بەم کردەوە نامرۆڤانەیە بگیرێت و ڕێگا بۆ سیستەمێک خۆش بکرێت کە تێیدا جێگایەک بۆ لەسێدارەدان یان زیندانیانی سیاسی، بوونی نەبێت. بەڵام تەنیا ئەو جەماوەرە دەتوانێت ئەرکێکی وەها گەورە بە سەرەنجام بگەیەنێت کە شووشەی تەمەنی ڕژێم لە دەستی بەتوانای ئەواندایە. تەنیا بە خەباتی یەکگرتووانە و ناڕەزایەتیی جەماوەریی بەربڵاو دەتوانرێت ڕێژیم ناچار بکرێت دەست لەمجۆرە کردەوە نامرۆڤانە هەڵبگرێت و ڕێگا بۆ ئازادیی گشتی خۆش بکرێت

****

# ڕۆژی جیهانی ئاشتی و واقیعە خوێناوییەکانی ئەمڕۆ




٢١ی سێپتامبر بەرامبەر بە ٣٠ی خەرمانان، ڕۆژێکە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەک "ڕۆژی نێودەوڵەتی ئاشتی" دیاری کراوە. بڕیارە ئەم ڕۆژە ڕەمزێک بێت بۆ نەهێشتنی توندوتیژی و بەرەوپێشبردنی ئاشتەوایی و بیرهێنانەوەی پێویستی ئاشتی بەردەوام لە جیهاندا. بەڵام ئایا بەڕاستی دەتوانین باس لە ئاشتی بکەین لە جیهانێکدا کە هەر ڕۆژە هەواڵی نوێی شەڕ و کوشتار و ئاوارەبوون دەبیسترێت؟ واقیعییەت ئەوەیە کە ئەمساڵ ڕۆژی جیهانی ئاشتی هاوکاتە لەگەڵ چەندین شەڕ و هەژاری و ئاوارەیی و دیکتاتۆرییەت و ئەمڕۆکە برینی قووڵ کەوتووەتە جەستەی مرۆڤایەتی.

شەڕی ئۆکراین و ڕووسیا کە لە فێوریەی ٢٠٢٢دا دەستی پێکرد، نەک هەر بۆتە هۆی کوژرانی هەزاران کەس و ملیۆنان کەسیش ئاوارەبوون، بەڵکوو کاریگەری لەسەر ئەمنییەتی خۆراک و وزەی جیهانیش داناوە. ئەم شەڕە هێمای ڕووبەڕووبوونەوەی زلهێزەکان و یارییەکی ژیۆپۆلۆتیکە کە قوربانییە سەرەکییەکانی بریتین لە خەڵکی ئاسایی. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کەرتی غەززە بە تەواوی وێران بووە و دەیان هەزار منداڵ و ژن و پیاو و پیر و گەنج کوژراون و چەند هەزار کەسیش بریندار بوون و زیاتر لە دوو ملیۆن ئاوارە و بێ ماڵ و حاڵ بوون و ئەم کۆمەڵکوژییە ئاشکرایەی دەوڵەتی ئیسرائیل تا ئێستاش لەبەرچاوی ڕای گشتیی جیهاندا هەروا بەردەوامە. یەمەن دوای ساڵانێک لە شەڕ و گەمارۆدان، ڕووبەڕووی یەکێک لە گەورەترین کارەساتە مرۆییەکان بووەتەوە. هەزاران هاوڵاتی مەدەنی و بەتایبەت منداڵان بوونەتە قوربانی بۆردومان و برسێتی. لە سوریا، ئەگەرچی پێدەچێت شەڕەکە کۆتایی هاتبێت، بەڵام کاریگەرییەکانی، لەوانە لەناوچوونی ژێرخانی ئابووری، کوشتاری بەکۆمەڵ و ئاوارەبوونی ملیۆنان کەس، ئەو کۆمەڵگەی ئیفلیج کردووە. ئەرتەشی فاشیستی تورکیە لە سێ بەش لە چوار پارچەی کوردستان خەریکی سەرکوتکردنی خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردە. جگە لە شەڕ، برسێتی و نەخۆشی و ئاوارەبوونیش بەربینگی وڵاتە هەمیشە برسییەکانی ئەفریقا بەرنادات و بەهۆی شەڕ و توندوتیژی و هەژاری و نائەمنییەوە، ٦٥ ملیۆن کەس لە ماڵ و حاڵی خۆیان ئاوارە بوون ئەوەی کە ویژدانی مرۆڤایەتی ئازار دەدات ئەوەیە کە هەر ئەو کەسانەی لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەڕواڵەت باس لە ئاشتی دەکەن، خۆیان هاندەری سەرەکی شەڕەکان و سەبەبکاری ئاوارەیی و هەژارین لە جیهاندا. ئەوانە لەکاتێکدا باس لە ئاشتی دەکەن کە بەردەوام جبەخانەکانی خۆیان پڕ دەکەن لە چەک و چۆڵی کۆمەڵکوژ. ئەوان بە پەرەپێدانی پێشبڕکێی چەک و چۆڵ، قەیرانە ئابوورییەکانی خۆیان چارەسەر دەکەن و لە ژێر سێبەری شەڕ یان ترس لە شەڕدا، درێژە بە مانەوەی خۆیان دەدەن. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەگەرچی لە ڕووی تیۆرییەوە بەرپرسە لە پاراستنی ئاشتی و ئەمنییەتی نێودەوڵەتی، بەڵام بەکردەوە لەژێر کاریگەری دەسەڵاتی ڤیتۆی پێنج وڵاتی زلهێز لەوانە ئەمریکا، ڕووسیە، چین، بەریتانیا و فەڕانسەدایە. ئەم پێکهاتە نایەکسانە وایکردووە نەتەوە یەکگرتووەکان لە قەیرانە گەورەکانی وەک شەڕی ئۆکراین یان جینۆسایدی غەززەدا نەتوانێت هیچ کارێک بکات. زۆربەی هەرەزۆری ئەوانەی ئەمڕۆ لە نەتەوە یەکگرتووەکان کۆبوونەتەوە و لە حزووری ئەواندا زەنگی ئاشتی لێدەدرێت، لە زومرەی ڕێکخەرانی ئەرتەشی پڕ چەک و چۆڵ، بەرهەمهێنەر و خاوەن کۆگای چەکی کۆمەڵکوژ، بنیاتنەری زیندان و ژووری ئەشکەنجە و تەنانەت سێدارە، پێشێلکاری مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، سەبەبکارانی چەوساندنەوەی منداڵان، سەرکردەی مافیاکانی سەروەت و سامان و دەسەڵات و هەروەها تاوانبارانی پلە یەکی سەرجەم زیانە کۆمەڵایەتییەکانن. ئەوان پاسەوانانی سیستەمێکن کە بەرهەمی کار و ڕەنجی ملیاردها ئینسان هەڵدەمژن و ڕێگای خۆیان بە نرخی زەوتکردنی ئەمنییەت و مافی ژیان لە هەمان ئەو خەڵکە، خۆش دەکەن. ئەوان پاسەوانانی سیستەمێکن کە بەهۆی قازانج پەرەستی و چاوچنۆکییەوە، نە بە مرۆڤ و نە ژینگەی مرۆڤایەتی ڕەحم ناکەن. لە ئاوا هەلومەرجێکدا مرۆڤایەتی تەنیا دوو بژاردەیەکی لەبەردەمدایە. یان دەبێت ملکەچی ئەو چارەنووسە بێت کە بۆ مرۆڤایەتییان دیاریکردووە، کە لەم حاڵەتەدا جگە لە لەناوچوونی شارستانییەت و کولتوور و سەرجەم دەستکەوتەکانی مرۆڤایەتی هیچی دیکەی لێناکەوێتەوە و لە باشترین حاڵەتیشدا مرۆڤایەتی، هەڵبەت ئەگەر شتێک بەناوی مرۆڤایەتی بمێنێت، دەگەڕێنێتەوە بۆ بەربەرییەتی هەزارەکانی ڕابردوو. یان کۆمەڵگا لەم گێژاوە تێپەڕ دەکات و دەیبات بەرەو جیهانێکی دوور لە شەڕ و توندوتیژی، لێوانلێو لە ئازادی و خۆشگوزەرانی و یەکسانی، واتە جیهانی سۆسیالیزم. جیهانێک کە تێیدا هیچ ئاسەوارێک لەو هەڵاوارنە ئابووری و جێندەری و ڕەگەزی و نەتەوەییانەی کە سەرچاوەی سەرەکی شەڕ و توندوتیژییەکانن، بوونی نەبێت، کۆمەڵگایەکی کە بەربڵاوترین ئازادییە تاکەکەسی و سیاسییەکان تیایدا جێگیر دەبێت. کۆمەڵگایەکی کە خورافات و دواکەوتوویییە فەرهەنگییەکان بە مۆزەخانەی مێژوو دەسپێرێت و هەلومەرجێک دەخوڵقێنێت کە تێیدا "گەشەسەندنی ئازادی هەر تاکێک مەرجی گەشەسەندنی ئازادی هەموانە." بەڵام کۆمەڵگایەکی لەو چەشنە هەروا لەخۆڕا نایەتەدی. دژوازی و قەیرانە ناوخۆییەکانی ئەم سیستەمە و چەوساندنەوە و شەڕ و هەژاری لەخۆیانەوە نابنە هۆی لەناوچوونی. ئەم گۆڕانکارییە چارەنووسسازە پێویستی بە وشیاری و ڕێکخستن و ڕێبەرایەتی، خەباتی ئامانجداری کرێکاران، ئەوانەی کە هیچ بەرژەوەندییەکیان لە بەردەوامبوونی ئەو پەیوەندییانەدا نییە کە بەسەر کۆمەڵگای ئێستادا زاڵن، بە خەبات و تێکۆشانی هاوبەش و هاوڕێیەتیی سەرجەم ئەو مرۆڤانەی کە مەترسییەکانی ئەم سیستەمە ژیانی ئەوانیش بەرەو بەرەو لەناوچوون پاڵ پێوەدەنێت، هەیە. ئاشتی جیهانیی لە بەرپرسان و هەڵگیرسێنەرانی شەر چاوەڕوان ناکرێت، بەڵکوو دەبێت پشت بە هێزی یەکگرتووی خۆمان ببەستین بۆ ئەوەی ئاشتیی ڕاستەقینە بێتە ئاراوە

****

# حکومەتی دوای هەڵبژاردن لە عێراق



ن: عوسمانی حاجی مارف

هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێی ٢٠٢٥ی عێراق بەرێوەیە. بەڵام ئایا ئەمە کاتێکی گونجاوە و دەتوانرێت جێبەجێ بکرێت؟ بەتایبەتی کە عێراق لە دۆخێکی پڕ ئاڵۆزی و بارگرانیدایە، بەهۆی کێشەکانی ناوچەکە و ململانێی ئەمریکا و ئیسرائیل لە بەرامبەر ئێران و کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر عێراق، لەهەمانکاتدا قەیرانی ئابووری و سیاسی و کورتهێنانی دارایی و هەژمونی گەندەڵی لە تەواوی جومگە و دامودەزگاکانی دەوڵەتدا سایەی کردووە، لەلایەکی ترەوە بەرزبونەوەی ئاستی کێشە و ململانێی لایەنە سیاسییەکان، لە هێزە میلیشیا تائیفی و ئیسلامی و قەومییەکان کە قەیرانی دەسەڵاتی سیاسییان قووڵتر کردۆتەوە، هەروەها فشاری شەقام و توڕەیی و بێزاری نارەزایەتی دانیشتوان کاریگەری جدیی لەسەر ئەم هەڵبژاردنە هەیە

داتاکانی دارایی گشتی کە لەلایەن حکومەتی فیدراڵی عێراقەوە بڵاوکراونەتەوە دەریدەخەن کە حکوومەتی ئێستا هاوشێوەی حکوومەتەکانی پێشخۆی پێشکەوتنێکی کەمی لە گەیشتن بە هەریەک لە ئامانجەکان بەدەستهێناوە. لەئەنجامدا عێراق ڕووبەڕووی کورتهێنانێکی دارایی نوێ دەبێتەوە کە بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوەیە، واتە بە مانەوەی نرخی نەوت لە دەوروبەری ٦٧ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک، داهاتی نەوت کە زیاتر لە ٩٣٪ ی کۆی داهاتی حکوومەت لە ساڵی ٢٠٢٥دا پێکدەهێنێت، چیتر بەس نییە بۆ دابینکردنی خەرجییە گشتییە پلان بۆ داڕێژراوەکان

ئەم فشارە داراییە ئاماژەیە بۆئەوەی کە حکوومەتی سودانی هێشتا لە میراتی وابەستەیی بە نەوت ڕزگاری نەبووە، هێشتا خەرجکردنی مووچە لە داهاتی نەوت دابین دەکات و نەیتوانیوە چاکسازی پێویست بۆ بنیاتنانی ئابوورییەکی گەشەسەندو بەدەست بهێنێت. لەهەمانکاتدا چاوەڕوان ناکرێ هیچ حکوومەتێک لەماوەی یەک خولی چوار ساڵی داهاتودا دوای ئەم هەڵبژاردنە چارەسەری ناهاوسەنگی باری ئابووری عێراق و پرسە داراییەکانی بکات، بەڵام گەر هەر حکومەتێک پێکهات، دەبێت بتوانێت دەرفەت بقۆزێتەوە و بەرپرسیارێتی دەستپێکردنی چاکسازی ئابووری لە ئەستۆ بگرێت، ئەمەش لەم دۆخە نالەبارەی ئێستا و دەسەڵاتێکی پەرشوبڵاوی چەند جەمسەری پێکهاتوو لە هێزی میلیشیا، نەخشەیەکی سەخت دەبێت

لە دوای ڕووخانی سەدام لە ساڵی ٢٠٠٣وە، بە حیساب دەبوایە عێراق دوو ئامانجی گەشەپێدان بەیەکەوە گرێبدات، یەکەمیان دوورکەوتنەوە لە مۆدێلی ئابووری ڕەیعی بە بوژاندنەوەی کەرتەکانی وەبەرهێنانی غەیرە نەوت و کەمکردنەوەی پشتبەستنی زۆر بە هەناردەی نەوتی خاو. دووەمیان دابینکردن و پەرەپێدانی ژێرخانێک کە پێویستە بۆ بەدیهێنانی ئەم گۆڕانکارییە

هەڵبەتە چارەسەرە پێویستەکان ناسراون، گەر بەمجۆرە حوکمرانییەی لایەنە سیاسییەکانی ئێستا عێراق قەتیس نەبوایە، بۆیە ئاڵوگۆڕەکان سەختی لەخۆیان دەگرن بەهۆی سروشتی ئابووری و سیاسی کە لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ سەریهەڵدا، کە داگیرکاری ئەمریکا و وێرانکاری عێراق و دواتر دەخالەت و باڵادەستی کۆماری ئیسلامی ئێران، دۆخێکی تەواو جیاوازی لە ململانێی هێزی میلیشیای تائیفی خستە سەر شانۆی سیاسی عێراق، کە جگە لە تاڵانچێتی و بازرگانی بە نەوت ڕێگایەکی تریان نەگرتەبەر، لەپێناو بەدەستهێنانی داهاتێکی زۆر لە کورترین ماوەدا، ئەمەش گەورەترین بەربەست بووە بۆئەوەی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکان نەتوانن و نەیانەوێت چاکسازی ئابووری و گەشەپێدانی جددی جێبەجێ بکەن

جگە لەوەش سیستەمی پارچەپارچەکراوی پشکی سیاسی کە دامەزراوەکان بە درێژایی هێڵە تائیفی و نەتەوەییەکان دابەش دەکات، بەردەوامە لە بەهێزکردنی تۆڕی تایبەتی بەرپرسانی لایەنەکان کە وەک بەشی دەربەگەکان خۆی دەنوێنێ، لەهەمانکاتدا وەزارەتەکان وەکوو وەزارەتێکی حیزبی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، کە زیاتر خزمەت بە بەرژەوەندییە حزبییەکان دەکەن، نەک بەرژەوەندی گشتی

ئەم پارچەپارچەبوونە دامەزراوەییە ڕێگری دەکات لە بڕیاردانی یەکگرتوو و تا ڕادەیەکی زۆر بەرپرسیارە لە تەحەدای بنەڕەتی گەندەڵییەکی بەربڵاو، زۆرجار گرێبەستی دابینکردن بریتییە لە هەڵاوسانی بودجە و دەستکاریکردن و بەرتیلدانی سیاسی بۆ دابینکردنی بودجە بۆ پارتە سیاسییەکان و گرووپە چەکدارەکان. هەروەها دەزگاکانی چاودێری وەک کۆمسیۆنی دەستپاکی و دەستەی باڵای وردبینی دەسەڵاتی جێبەجێکردنیان نییە، پەرلەمان لێرەدا ناتوانێت ڕۆڵێکی چارەنوسساز بگێڕێت و دەوری هەبێت، جگە لە پاشکۆبوون بۆ بەرپرسە میلیشیاکانی حیزبە دەسەڵاتدارەکان

داڕشتنی یاسای دارایی نیشتمانی و دیاریکردنی چۆنیەتی دابەشکردنی سامانی گشتی، تادێت نرخێکی بەرزتر لەسەر بودجەی دەوڵەت دەکەوێت و قەیران زیاتر دەهێنێت، ئەمەش حکوومەتی فیدراڵی دەکاتە بارمتەی ناجێگیری بازاڕەکانی وزەی جیهانی، کە لە ئێستاوە بووەتە هۆی دووبارەبوونەوەی قەیرانی دارایی ساڵی ٢٠١٥.

نەمانی متمانە بە دامەزراوە گشتییەکان بەهۆی کڕین و فرۆشتنی پۆستە وەزارییەکان لەکاتی دانوستانەکانی پێکهێنانی حکوومەتدا خراپتر و گەندەڵتر بوون، کە بەجۆرێک ئەم پرۆسەیە ڕۆشتووە هیچ حکوومەتێکی ئایندە ناتوانێت بەرەنگاری بکات یان دەستبەرداری بێت، بەڵکوو تەنها ڕێگا ئەوەیە کە دەبێت تەواوی پێکهاتەی حکوومەتی ئێستا ڕامالڕێت

ئەوەی جێگای سەرنجە، ئابووری سیاسی عێراق ڕەگ و ڕیشەی لاوازی ئیدارە داراییەکەی وەها ڕون دەکاتەوە، کە دینامیکی ڕەیعی خەرجێکی زیاد لە پێویستی بۆ دەوڵەت دروست کردووە، هەروەها زیاتر لە٤٠٪ هێزی کاری عێراق لە کەرتی گشتی یان کارگە دەوڵەتییەکان دامەزراون و ئەم دووەمەیان ٥٩٪ی کۆی خەرجییەکانی حکوومەتی فیدراڵی لە نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٥دا پێکهێناوە، ئەمەش بوارێکی کەم بۆ وەبەرهێنانی درێژخایەن دەهێڵێتەوە، لەکاتێکدا هەر هەوڵێک بۆ کەمکردنەوەی یارمەتییەکان یان داڕشتنەوەی مووچە دەتوانێت کاردانەوەی نەرێنی گشتی لێبکەوێتەوە

هەرچەندە حکوومەت چەند ڕێوشوێنێکی کورتبینانەی گرتۆتەبەر، بەڵام ناتوانێت کە ڕەگ و ڕیشەی دووبارەبوونەوەی قەیرانە داراییەکان چارەسەر بکات، لەوانە کەمکردنەوەی خەرجییەکانی وەبەرهێنانی گشتی، ئەولەویەتدان بە کەمکردنەوەی خەرجییە بنەڕەتییەکانی ئێستای وەک مووچە و خانەنشینی، کە زیاتر لە ٦٠٪ ی کۆی خەرجییەکانی بودجەی ساڵی ٢٠٢٤ی پێکهێنابوو، لەهەمانکاتدا کەمکردنەوە یان دواخستنی بودجە بۆ پڕۆژەکانی گەشەپێدان کە گرنگن بۆ بنیاتنانی ئابوورییەکی هەمەچەشن. ئەم نەخشانە ڕەنگدانەوەی ئابووریەکی سیاسییە کە بەرژەوەندی تەسک و کورتبینانە و دیسیپلینێکی دارایی ناسک بەڕێوەی دەبات، کە هەموو ئەمانە ڕێگرن لە بەردەم گەشەی ئابووری و لەهەمانکاتدا ڕێگرن لە چارەسەرکردنی ناهاوسەنگییە ئابوورییەکان

حیزبە دەسەڵاتدارەکان و هێزە میلیشیاکان کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر وەزارەتەکاندا قۆستۆتەوە بەدامەزراندنی کەسانی سەربەخۆیان لە پۆستە باڵاکانی خزمەتگوزاری شارستانی کە بە "پلەی تایبەت" ناسراون، ئەم پۆستانە وەک ڕێڕەوێک بۆ دەستڕاگەیشتن و دابەشکردنی سەرچاوە گشتیەکان، بۆ چەسپاندنی تۆڕی تایبەت و توندکردنەوەی دامەزراوە گەندەڵییەکان کاردەکەن

بەجیا لەم دۆخە ئابووری و داراییەی بیست ساڵە لەژێرسایەی ڕەحمی کۆنترۆڵی بەڕیوەبەرایەتی حیزبە دەسەڵاتدارەکان و هێزە میلیشیاکاندایە، کە ئێستا گەیشتووە بەوپەڕی قەیران و نائارامی و کاریگەری لەسەر ململانێی لایەنەکان دەبێت لەم هەڵبژاردنەدا، لەهەمانکاتدا گۆڕانی هاوکێشەی سیاسی و هاوسەنگی هێزەکان، دۆخێکی تازەی لەدۆخی سیاسی ئێستای عێراق و ناوچەکە هێناوەتە پێشەوە، کە ململانێی لایەنەکان لەم دەورەی هەڵبژاردنەدا، تەواو جیاواز دەبێت لەچاو دەورەکانی ساڵانی پێشوودا، واتە بەجیا لەم ئاڵۆزی دۆخە ئابووریە، لەهەمانکاتدا گرووپەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی کە ئێستا پێکهێنەری حکومەتی عێراقن، هەروەها هێزەکانی حەشدی شەعبی، دەرگیری چەندین کێشەی جددین، لەلایەک زەحمەتە ئەو هێزانە دوای ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە ئاکامی شەڕی ئیسرائیل و ئێراندا پێشهاتووە، بتوانن یەکگرتووبن و یەک لیست بن لەم هەڵبژاردنەدا، هێزەکانی حەشدی شەعبیش لە ژێر کاریگەری مەترسی هەڕەشەی ئەگەری هەڵوەشاندنەوەن لە ڕێگەی لێدانی ئەمریکا و ئیسرائیلەوە

جگە لەوانەش لایەنە کوردییەکان هەرچەندە تائێستا نەیانتوانیوە، لە هەرێمدا حکوومەت پێکبهێننەوە، لەهەمانکاتدا دۆخی ئابووری و سیاسییان لە دۆخی ئابووری و سیاسی لایەنەکانی عێراق باشتر نییە، بۆیە ناتوانن ڕۆڵێکی ئەرێنی و بەشدارییەکی سەرکەوتویان هەبێت لەم هەڵبژاردنەدا

هەرچەندە لەسەرەتادا پێشبینی ئەوە دەکرا کە موقتەدا سەدر بەشداری لەم هەڵبژاردنەدا بکات، بەڵام پاش هێرشکردنێکی توند بۆ سەر تەواوی لایەنەکان بەوەی دز و گەندەڵن و بە هۆکاری شێواوی دۆخی عێراق وەسفیان دەکات، جارێکی تر ڕایگەیاند کە بەشداری ناکات

لە ڕۆژی ٣ی ئۆکتۆبەر لە سەرانسەری عێراق و هەرێم، بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ خولی شەشەمی پەرلەمانی عێراق دەستی پێکرد، تاوەکو ٨ـی تشرینی دووەم بەردەوام دەبێت، بەجیا لەوەی پێشبینی ئەرێنی ناکرێت کە ئەم بانگەشەیە بە دۆخێکی ئارامدا تێپەڕێت، لەهەمانکاتدا بەگشتی مەترسی ئەوە هەیە، گەر هەڵبژاردن تێپەڕێنرێت، یان دوای هەڵبژاردن گەر حکوومەتیش پێکبێت، دۆخی سیاسی ناوچەکە و عێراق سەختی دەخاتە بەردەم چۆنیەتی پێکهێنانی حکوومەتێک کە بتوانێت عێراق لە پێکدادن و شەڕو گێژاو و ناسەقامگیری سیاسی بپارێزێت

****

# شەڕی نادیاری نێوان کرێکاران و سەرمایەداران لە ناوەندەکانی کاردا



هەفتەی ڕابردوو، ئیلنا، ئاژانسی هەواڵی کاری کۆماری ئیسلامی، ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە ڕووداوەکانی شوێنی کار لە ساڵی ١٤٠٣دا بڵاوکردەوە، ئەم ڕاپۆرتە سەرەڕای هەر پەردەپۆشکردنێکی ئاسایی لەلایەن میدیاکانی کۆماری ئیسلامییەوە، دەرخەری کۆمەڵێک داتا و زانیاری هەژێنەرە. هەر ژمارەیەکی کە لەم ئامارەدا هاتووە بەیانگەری ژیانێکی لەدەستچوو و لێکترازانی شیرازەی بنەماڵەیەکە کە سەرپەرشت یان دابینکەری بژێوی ژیانیان لەدەستداوە. بەگوێرەی ئەم ڕاپۆرتە، کۆی گشتی ئەو کەسانەی ساڵی ڕابردوو لە سەرانسەری وڵاتدا بەهۆی ڕووداوەکانی شوێنی کارەوە زیانیان بەرکەوتووە یان بریندار بوون، ٢٦ هەزار و ٥٤٨ کەس بووە، کە لەو ژمارەیەش هەزار و ٥١٨ کەسیان ژن و ئەوانی تر پیاو بوون. بە گشتی لە ئەنجامی ڕووداوەکانی شوێنی کاردا هەزار و ٩٨٦ کەس گیانیان لەدەستداوە. لەو ڕێژەیە ١٥ کەسیان ژن و ئەوانی دیکەش پیاو بوون. چاوخشاندنێک بە داتاکانی ڕێکخراوی پزیشکی دادوەریی دەریدەخات کە هۆکاری سەرەکی مردن لە شوێنەکانی کار لە ساڵی ١٤٠٣دا بریتی بووە لە کەوتنەخوارەوە لە بەرزاییەوە

کۆبەندێکی فەرمی ئامارەکان دەریدەخات کە بە شێوەی مامناوەند ساڵانە نزیکەی دوو هەزار کرێکار بەهۆی ڕووداوی ڕاستەوخۆی شوێنی کار گیان لەدەست دەدەن و دەیان هەزار کرێکاریش بریندار و دوچاری لەکارکەوتوویی دەبن. ئەمە یەکێکە لە بەرەکانی ئەو شەڕە نادیار و ڕاستەقینەی کە لە نێوان چینی کرێکار و سەرمایەدار و دەوڵەت لە بوارەکانی کار و بەرهەمهێناندا لەئارادایە. لەم شەڕە نایەکسانەدا خاوەنکاران و دەوڵەت نەک هەر زیانەکانی بەرەی کار بە شێوەیەکی نایەکسان بڵاو دەکەنەوە، بەڵکوو تەنانەت دەیانشارنەوە. ئیدارەی کاریش تەنیا ڕووداوی برینداربوون و زیانە گیانییەکانی ئەو کرێکارانە بڵاودەکاتەوە کە بیمەکراون و نەیانتوانیوە بیشارنەوە. هەربۆیە ئەوەی لە ڕێگەی ئاژانسە هەواڵییە فەرمییەکانەوە لەم بابەتەوە بڵاودەکرێتەوە، هەرگیز ناتوانێت تەواوی ئەو واقیعە بە ئازارە بخاتەڕوو کە بوونی هەیە. هەروەها لە ئێران هەرگیز ئامارێکی ورد و ڕاستەقینە سەبارەت بە ژمارەی ئەو کرێکارانەی کە بەهۆی پیسبوونی شوێنی کار و نەخۆشییەکانی سەرچاوەگرتوو لەو پیسبوونەوە گیانیان لەدەست دەدەن یان کەمئەندام دەبن بوونی نییە. ئەو ئامارانەی کە لەم بوارەدا بە فەرمی بڵاودەکرێنەوە، بە هیچ شێوەیەک جێی متمانە نین. بۆ نموونە ئەو ڕووداوانەی کە بەسەر کرێکارانی ئەفغانستاندا دێت لە هیچ شوێنێک تۆمار ناکرێت. تا ئێستا هیچ ئامارێک سەبارەت بە گیان لەدەستدانی کۆڵبەران ڕانەگەینراوە. ڕووداو گەلێک هەن کە لە ناوەندەکانی کار لە نێوان کرێکار و خاوەنکار و بنەماڵەی کرێکارە گیانبەختکردووەکەدا بە جۆرێک یەکلایی دەکرێتەوە کە بە دڵنیاییەوە بە زیانی کرێکارەکە دەشکێتەوە و پێشینەکەشی لە هیچ شوێنێک تۆمار ناکرێت. سەرەڕای هەموو ئەمانە هەر ئەو ئامارە نیوە و ناتەواوانەش نیشان دەدەن کە ژمارەی گیان لەدەستدان و ڕووداوەکانی شوێنی کار لە ئێران بەردەوام ڕوو لە زیادبووندایە. بە پێی ئەم ئامارانە ساڵانە بە شێوەیەکی مام ناوەند سی هەزار ڕووداوی کار لە ئێران تۆمار دەکرێت. لەم ئامارانەدا هیچ ئاماژەیەک بە مەرگی پێشوەختە و بەشێنەیی و بێدەنگی ئەو کرێکارانە نەکراوە کە لە ژینگە پیسەکانی وەک ناوەندەکانی پێترۆشیمیی، کانگاکان، پاڵاوگەکانی نەوت و هتد کار دەکەن و زۆرجار تووشی نەخۆشیەکانی هەناسەدان، خوێن و هەرس، پێست و پیربوونی پێشوەختە و شێرپەنجە و هتد دەبن

سێ سەرچاوەی سەرەکی ئەم ڕاپۆرتانە بریتین لە: ڕێکخراوەکانی دابینکردنی کۆمەڵایەتی، ئاگرکوژێنەوە و پزیشکی دادوەری. بەڵام ڕێکخراوی دابینکردنی کۆمەڵایەتی تەنها ئەو ڕووداوانە تۆمار دەکات کە لە شوێنی کار بەسەر کرێکارانی بیمەکراودا دێت. هەروەها بەڕێوەبەرایەتی ئاگرکوژێنەوەش تەنها ئەو ڕووداوانە تۆمار دەکات کە لە کاتی ڕوودانیاندا ڕەوانەی ڕێکخراوەکە دەکرێن و حاڵەتەکانی دیکە ناگرێتەوە. پزیشکی دادوەریش لیستی ئامارێکی تایبەت بڵاو ناکاتەوە، مەگەر لە پەیوەندی لەگەڵ داواکارییەکی دیاریکراو لەلایەن دام و دەزگا فەرمییەکانەوە نەبێت. ئەو ڕووداوانەش کە لەلایەن ڕێکخراوی دەستەبەری کۆمەڵایەتییەوە تۆمار کراون لە کاتێکدایە کە بە وتەی عەلی موزەفەری، بەڕێوەبەری گشتیی چاوەدێری وەزارەتی تەعاون و کار و خۆشبژێویی کۆمەڵایەتی، "تەنها ١٤ میلیۆن کەس لە هێزی کاری ئێران یاسای کار دەیانگرێتەوە"، کە بە شێوەیەکی ئاسایی دەبوو لەژێر چەتری ڕێکخراوی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا بوایەن. تەنانەت بە قبوڵکردنی ئەم ژمارەیەش، نزیکەی ١١ ملیۆن کرێکار لە دەرەوەی بازنەی یاسای کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتین. لە ئاکامدا ئەو ڕووداوانەی بەسەریاندا دێت لە هیچ شوێنێک تۆمار ناکرێت. ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگرین کە بە پێی دوایین ئاماری ڕێکخراوی جیهانی کار، ڕۆژانە ٧٥٠٠ کرێکار بەهۆی ڕووداوەکانی کار و پیسبوونی شوێنی کار گیان لەدەست دەدەن، ئەوکات دەردەکەوێت کە پشکی هەرە گەورەی ڕووداوەکانی شوێنی کار بە تەنیا وەبەر ئێران دەکەوێت

واقعییەت ئەوەیە کەخاوەنکاران بە هۆی قازانجپەرستی و چاوچنۆکییەوە، نە دەیانەوێت ئەمنییەتی شوێنی کار دابین بکەن و نە نیگەرانی لەدەستدانی کرێکارانن بە هۆی ڕووداوەکانی شوێنی نائەمنی کار. ئەوان تەنانەت لەوەش نیگەران نین کە کرێکاران لە ترسی گیانی خۆیان، واز لە کارەکەیان بهێنن. چونکە دەزانن هەر کاتێک بیانەوێت دەتوانن لە نێو لەشکری ملیۆنی بێکاراندا، کرێکاری تر دابمەزرێنن و لە هەمان شوێن و ژینگەی ناستاندارد و نائەمنی کار، هەر کارێکی قورس و تاقەت پروکێنیان بەسەردا بسەپێنن. لە وەها هەلومەرجێکدا ئەوە کرێکاران خۆیانن کە دەبێت بیر لە خۆیان بکەنەوە و بە خەباتی ڕێکخراو و یەکگرتووانەی خۆیان خاوەنکاران و دەوڵەت ناچار بکەن کە ئەمنییەتی شوێنی کار دابین بکەن. دەستەبەرکردنی ئەمنییەتی شوێنی کار، وەک هەر ویست و داواکارییەکی دیکە، تەنیا بە هێزی خەبات و تێکۆشان دەتوانرێت بەسەر سەرمایەداران و دەوڵەتە پشتیوانەکانیاندا بسەپێندرێت

***

# بێکاریی فرەڕەهەند لە ئێران



بێکاریی لە ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ پەرە دەستێنێ. دیارترین ڕەهەندی بێکاری لە ئێران بریتییە لە بارودۆخی لاوان. بەگوێرەی ئامارە فەرمییەکان، کە زۆریش باوەڕپێکراو نین، ڕێژەی بێکاریی لە نێو گەنجانی تەمەن ١٥ بۆ ٢٤ ساڵ لە هاوینی ساڵی ١٤٠٤دا گەیشتووەتە زیاتر لە ٢٠ لەسەد، کە زیاتر لە دوو هێندەی ڕێژەی فەرمی بێکاریی گشتییە. بەمجۆرە یەکەم: گەنجان لە باشترین ساڵەکانی تەمەنی کارکردنیاندا دەرفەتی بەدەستهێنانی ئەزموون و لێهاتوویی لەدەست دەدەن. دووەم: بێکاریی درێژخایەن لە تەمەنی لاویدا کاریگەری نەرێنی قووڵی دەروونی دەبێت و دەبێتە هۆی هەستکردن بە ناکامی، خەمۆکی و بێ ئامانج بوون. بەپێی ڕاپۆرتەکان، نزیکەی ٧٠ لەسەدی سەرجەم بێکارانی وڵات لە گەنجانی تەمەن ١٨ بۆ ٣٥ ساڵ پێک دێت. ڕەهەندێکی گرینگی دیکەی بێکاریی لە ئێران، بریتییە لە کەلێنی قووڵی جنسییەتی. بەگوێرەی هەر ئەو ئامارە دەستکاریکراوانە، ڕێژەی بێکاری ژنانیش لە ساڵی ڕابردوودا گەیشتووەتە نزیکەی ٣٠ لەسەد، لە کاتێکدا ئەم ڕێژەیە بۆ پیاوان ١٣.٥ لەسەد بووە. بە واتایەکی تر ڕێژەی بێکاریی ژنان نزیکەی دوو هێندەی ڕێژەی بێکاریی پیاوانە. شایانی باسە سەرەڕای گەشەسەندنی بەرچاوی ئاستی خوێندنی ژنانی ئێران و بوونی بەربڵاویان لە زانکۆکان، ئەم پێشکەوتنە زانستییە نەیتوانیوە ببێتە هۆی هەلی کاری هاوتا لەگەڵ خوێندنیان

دیاردەیەکی دیکەی بازاڕی کاری ئێران بریتییە لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاریی لە نێو خەڵکی خوێندەواردا. توێژینەوەکان دەریدەخەن کە نزیکەی ٤٢.٤ لەسەدی کۆی بێکارانی وڵات، دەرچووانی خوێندنی باڵان. ئەم ئامارە دەریدەخات کە سەرەڕای وەبەرهێنانی زۆر لە بواری پەروەردەدا، بەڵام کەسانی خوێندەوار نەیانتوانیوە کارێکی گونجاو بدۆزنەوە. بەپێی ستانداردی سەرژمێریی ئێران، کەسێک بە بێکار دادەنرێت کە لە کاتی سەرژمێریدا بێکار بووبێت و سێ حەوتوو بەرلەوە بەشوێن کارەوە بووبێت. بەپێی ئەم پێناسەیە کەسێکی کە لەماوەی هەفتەدا لانیکەم کاتژمێرێک کار بکات، بە بێکار دادە دانانرێت. بەڵام ئەم پێناسەیە لەگەڵ ستانداردە جیهانییەکانی کاردا ناگونجێت. بەپێی فۆرمۆلی کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ئامارناسانی هێزی کار، کەسانی لەسەرکار بە کەسێک دەوترێت کە لانیکەم یەک لەسەر سێی تەمەنی ئاسایی کارکردنی وڵات، کاری کردبێت. بەم پێیە کەسێک لە ئێران بە بێکار دانانرێت کە لانیکەم ١٤ کاتژمێر لە هەفتەیەکدا کاری کردبێت

بێکاریی لە ئێران واتا لەناوبردنی ئەمنییەتی کار و دروستکردنی دووبەرەکی لە نێوان کرێکاران، واتا پاڵپێوەنانی بنەماڵە کرێکارییەکان بۆ ژێر هێڵی هەژاریی ڕەها و سەپاندنی مەرگی بەشێنەیی، کێشەیەکی کە ئاکامە خێرا و دەستبەجێیەکانی بریتی دەبێت لە تێکچوونی باری دەروونی، خەمۆکی، نەبوونی متمانە بەخۆبوون، هەستکردن بەبێ ناسنامەیی و لەخۆ نامۆبوون. ئەم کارەساتە دڵتەزێنە تەنیا بەوە کۆتایی نایەت، هەڵوەشاندنەوەی شیرازەی بنەماڵە کرێکارییەکان، پەنابردنە بەر مادەهۆشبەرەکان و لەشفرۆشی لەڕووی ناچاریی و هەندێکجاریش خۆکوشتن و زیانە کۆمەڵایەتییەکانی تر درێژەی لۆژیکی ئەم پرۆسەیە و، قوربانییەکانی بریتین لە ژنان، پیاوان، لاوان، تازەلاوان و منداڵانی کۆمەڵگا. زیاتر لە ٨٠ لەسەدی کرێکارانی ئێران خاوەن گرێبەستی کاتیی کار و سپی واژۆن، یان لە ڕێگەی کۆمپانیاکانی دابینکردنی هێزی مرۆیی و پەیمانکارەوە دەچنە ناو بازاڕی کار. ئەمەش بەو مانایەیە کە ئەم بەشە بەرینەی کرێکاران تەنانەت شایستەی وەرگرتنی یارمەتییەکی کەمیش نین بۆ ماوەیەکی کورت لە سەردەمی بێکاریدا. لەمڕووەوە هەر لە یەکەم ڕۆژی بێکاریدا، ئابووری و داهاتی بنەماڵە بەتەواوی دادەڕمێ و کارەساتەکانی هەژاری دەست پێدەکەن. خەبات لەدژی ئەم کارەساتە کۆمەڵایەتییە و ئەم دیاردە وێرانکەرە و هەروەها دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ بێکاری، بووەتە یەکێک لە کێشەکانی هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی کرێکاریی لە کۆمەڵگەی ئێراندا. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دۆخە، ئێمە بەردەوام شاهیدی داخرانی ژمارەیەکی هەرچی زیاتر لە کارگە و ناوەندە قەیران لێدراوەکانی بەرهەمهێنان و لەسەرکار دەرکردنی بەکۆمەڵی کرێکاران دەبین بە بیانووی مایەپووچبوونیانەوە لە هەلومەرجێکدا کە تەنانەت بە هەڵگرتنی گەمارۆ نێودەوڵەتییەکانیش، هیچ ئاسۆیەک بۆ گەشەسەندنی ئابووری و باشتربوونی بارودۆخی کار و ژیانی کرێکاران و چینە هەژارەکانی کۆمەڵگا، بەدیناکرێت، باری بەرپرسیارێتی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بێکاریی دەکەوێتە سەرشانی خودی کرێکاران و هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی کرێکاریی. لەم هەلومەرجەدا نە سەردانی تاکەکەسی بۆ ناوەندەکانی دۆزینەوەی کار و ناوەندی پارێزگاکانی وەزارەتی تەعاون، نە ڕاوەستان لە ڕیزەکانی بەردەم ڕێکخراوی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، نە گوێگرتن لە بەڵێنە پووچ و بێ بنەماکانی دەوڵەت، نە ئومێدەواربوون بە گەشە و بەرەوپێشچوونی ئابووریی لە داهاتوویەکی نادیاردا، ڕێگاچارە نییە و هیچ

دەردێک دەوا ناکات

کار و ئەمنییەتی پیشەیی، یان بیمەی بێکاریی گونجاو و نەهێشتنی گرێبەستی کاتی و سپی واژۆ، داواکاری و مافی بێ ئەملاو ئەولای سەرجەم کرێکارانی لەسەرکار و بێکار و ئەو گەنجانەیە کە بەدوای کاردا دەگەڕێن. بەڵام ئەم مافە تەنیا بە خەباتێکی یەکگرتووانە و ڕێکخراو و بەتایبەت وەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی دژی بێکاریی دەستەبەر دەبێت. بزووتنەوەیەکی کە نەک تەنها ملیۆنان کرێکاری بێکار، بەڵکوو ملیۆنان کرێکاری لەسەرکار و ئەو بنەماڵە کرێکاریانەش لەخۆدەگرێت کە مەترسی بێکاربوون ئەمنییەتی کاری لێ زەوت کردوون. بەڵام بەرەوپێشبردنی خەبات لەدژی بێکاری و بەرزکردنەوەی بۆ ئاستی بزووتنەوەیەکی جەماوەریی، پێویستی بە یەکڕیزی و هاوپشتی هەڵسووڕاوان و تۆڕ و ڕایەڵە وشیارەکانی ناو بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران هەیە. ڕێژەی زۆری بێکاران و بەئاگابوون لەو مەترسییە بەئازارانەی زیانە کۆمەڵایەتییەکان کە هەڕەشەن بۆسەر بێکاران و بنەماڵەکانیان، توانایی و پۆتانسێلێکی بەرزی نارەزایەتی بە تایبەت لە نێو ئەو توێژە خوێندەوارەی بێکاراندا پێکهێناوە کە هیچ ئاسۆیەکی گەش بۆ داهاتووی خۆیان بەدیناکەن. پێکهاتنی وشیارانە و هەنگاو بە هەنگاوی ئەم نارەزایەتیانە، زەمینە بۆ شکڵگرتنی ڕێکخراوە جەماوەری و چینایەتییەکان و هەروەها بەردەوامبوونی خەبات و تێکۆشانی کرێکاران خۆش دەکات

****

# ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی لە پەرەسەندنی قەیرانی ئاو لە ئێران

ئێران لە لێواری دارمانی سەرچاوە ئاوییەکانیدایە. لە ئێستادا زۆرێک لە شارە گەورەکانی وەک تاران، ئیسفەهان و یەزد بە توندی لەگەڵ کەمیی ئاو بەرەوڕوو بوونەتەوە و ئەم بابەتەش مەترسییەکی جدی لەسەر ئەمنییەتی خۆراک و تەندروستی گشتی دروست دەکات

ڕۆژنامەی گاردیەنی بریتانیا چاپی لەندەن، ڕاپۆرتێکی وردی سەبارەت بە قەیرانی ئاو لە ئێران بڵاو کردووەتەوە کە کۆمەڵێک زانیاری و ئاماری سەرسوڕهێنەری خستووەتەڕوو. ئەم ڕاپۆرتە کە لە لایەن پەیامنێری ڕۆژنامەکە لە تاران ئامادە کراوە، بە هێنانەوەی نموونەیەک لە قسەیەکی پزیشکیان سەرۆک کۆمار دەست پێدەکات، کە دەڵێت: هەرئێستا لەگەڵ کێشەی ئاو و کارەبا و گاز بەرەوڕووین، بەنداوەکان ئاویان تێدا نییە، بیرەکانی ژێر پێمان خەریکە وشک دەبن، ئەو کەسانەی ئیدیعای ئەوە دەکەن کە ئاو هەیە، بێن و نیشانمان بدەن کە ئەم ئاوە لە کوێیە. بەگوێرەی ڕۆژنامەی گاردیەنی بریتانیا، سەرچاوەکانی ئاو بە ڕێژەیەکی مەترسیدار خەریکن کەم دەبنەوە و هاوینی ئەمساڵ ١٩ بەنداوی ئێران لە نێوان ٣ بۆ ١٥ لەسەدی توانای خۆیان ئاویان تێدا بوو. سێ بەنداوی سەرەکی پایتەخت لەوانە لار، ماملو و ئەمیرکەبیر، تا مانگی سێپتامبر گەیشتنە ئاستێکی مەترسیدار، بەڵام داواکردن لە دانیشتوانی تاران بۆ کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئاو بە ڕێژەی لەسەدا ٢٥ تا ئێستا هیچ ئامێکی نەبووە، لەمڕووەوە ئێستا پێشنیاری ڕاگرتنی تەواوەتی بیناسازی بۆ ماوەی دوو ساڵ، هاتووەتە

گۆڕێ

نیشانەکانی کەمی ئاو لە هەموو شوێنێک بەرچاوە. دەریاچە و تاڵاوەکان یەک لەدوای یەک وشک دەبن، ئەو بەنداوانەی کە ئاویان تێدا نەماوە، ڕۆچوونی بەربڵاوی زەوی لە شارەکانی وەک ئیسفەهان و درزەکانی هێڵی ئاسنی سەرەکی تاران- مەشهەد، هەموو ئەمانە نیشانەی قووڵبوونەوەی قەیرانێکن کە ئەگەر چارەسەر نەکرێت، لەوانەیە بگاتە قۆناغێکی بێگەڕانەوە. قەیرانی ئاو بووەتە هۆی قەیرانی ڕۆچوونی زەوی. لەمبارەیەوە پارێزگاری ئیسفەهان بە ڕۆژنامەی گاردیەنی بریتانیای وتووە، نۆ وێستگەی گەورەی میترۆ لە ئیسفەهان، ٢٧٤ وێستگەی ئاگرکوژێنەوەی گەورە، ٣٢٨ مزگەوت، ٣٧ کتێبخانە، سێ نەخۆشخانەی گەورە، یەک هۆتێل و ٢٥٨ قوتابخانە کەوتوونەتە ئەو ناوچانەی کە زۆرترین ڕۆچوونی زەوییان تێدایە. بەهۆی پەرەسەندنی ڕۆچوونی زەوی، چل قوتابخانە چۆڵکراون

درێژە لە لاپەڕەی ١٣

درێژە ی لاپەڕەی ١٢

و بەشێکی زۆریان بەهۆی زۆربوونی ڕادەی ڕۆچوونەوە بە تەواویی وێران بوون. تەنها لە ماوەی هەفتەی ڕابردوودا سێ ڕووداوی ڕۆچوون لە ناوەندی شاری ئیسفەهان بووەتە هۆی دروستبوونی چەند چاڵێک بە قووڵایی ٧ بۆ ١٥ مەتر لە ڕ□ڕەوە گشتییەکاندا. بێ گومان گۆڕانی کەشوهەوا ڕۆڵی هەبووە لە پەرەسەندنی قەیرانی ئاودا، بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی دروست مامەڵەیان لەگەڵ ئەم دیاردە سروشتییە بکردبایە، ئێران هەرگیز ڕووبەڕووی قەیرانێکی لەو چەشنە نەدەبووەوە. بە چاوخشاندنێک بەسەر ڕۆڵی هۆکارە مرۆییەکان لە قووڵبوونەوەی قەیرانی ئاو، ڕەهەندەکانی ئەم کارەساتە بەڕوونی دەردەکەوێت

یەکەم: بەکارهێنانی لەڕادەبەدەر و ناپێویستی سەرچاوە ئاوییەکان. کشتوکاڵ کە ٩٠ لەسەدی ئاوی وڵات بەکاردەهێنێت، تەنها ١٠ بۆ ١٢ لەسەدی بەرهەمی ناخالیسی ناوخۆیی بەرهەم دەهێنێت. بۆ نموونە زەوییە کشتوکاڵییەکانی دەوروبەری دەریاچەی ورمێ کە ئێستا بە تەواوی وشک بووە، لە ماوەی ٣ دەیەی ڕابردوودا، لە ٣٠٠ هەزار هێکتارەوە بۆ ٧٠٠ هەزار هێکتار زیادی کردووە. ئامارەکانی حکوومەت دەریدەخەن کە بۆ ٨ ملیۆن هێکتار زەوی، یەک ملیۆن بیری ئاودێری هەڵکەندراوە

دووەم: بەکارهێنانی ئاوی زۆر و بەرهەمی کەمی کشتوکاڵ، کەڵک وەرگرتن لە شێوازی کۆن و تەقلیدی ئاودێریی، کەڵک وەرگرتنی کەم لە تەکنەلۆژیای ئاودێری مۆدێرن لەوانە (دڵۆپەیی، بارانیی کۆنترۆڵکراو)، و خراپ بەڕێوەبردنی کێڵگەکان، دەبێتە هۆی بەفیڕۆدانی ئاو. نەبوونی بەرنامەیەکی دیاریکراوی حکوومەتیی سەبارەت بە کاری کشتوکاڵی، پەرەپێدان بەو بەروبوومانەی کە پێویستییان بە ئاوی زۆر هەیە لەوانە برنج و هەندێک لەجۆرەکانی میوە لە ناوچە وشک و نیمچە وشکەکان، گوشارێکی زۆری خستۆتە سەر سەرچاوەکانی ئاو



سێیەم: دامەزراندنی پیشە سا زییە کا نی بەکاربەری ئاو لە ناوچە وشکەکان. ڕووبار و چەمەکانی ناوەڕاستی ئێران بەم هۆیەوە وشک بوون. هاوکات تێکەڵبوونی پاشماوەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵی وەک (قڕکەر و کوود) و هەروەها پاشماوەی شارەکان لەگەڵ ئاوی ڕووبار و سەرچاوەکانی ئاوی ژێر زەوی، ئاوی خواردنەوەی ئەو ناوچانەی پیس کردووە

چوارەم: دروستکردنی چەندین بەنداو بەبێ هەڵسەنگاندنی تەواو بۆ لێکەوتە ژینگەیی و کۆمەڵایەتییەکان، لە زومرەی هۆکارەکانی دیکەی خراپتربوونی قەیرانی ئاوە

پێنجەم: پەرەسەندنی دانیشتوانی شارەکان بەبێ هەبوونی پلانێکی گونجاوی ژێرخانەکانی ئاو و ئاوەڕۆ

شەشەم: بەفیڕۆدانی ئاو لە تۆڕەکانی گواستنەوە و دابەشکردن بەهۆی کۆنبوونی بۆری و دامەزراوە ئاوییەکان. بەپێی سەرچاوە حکوومییەکان، لە هەندێک ناوچە، بە کردەوە ٤٠ لەسەدی ئەو ئاوەی کە دەڕژێتە ناو تۆڕەکانی گواستنەوەی شارەکان، لەدەست دەچێ و هیچ هەوڵێک بۆ چاککردنەوەی بۆرییەکان نادرێت

حەوتەم: نەبوونی وەبەرهێنان لە تەکنۆلۆژیای سەرلەنوێ بەکارهێنانەوە یان ڕیسایکلکردنی ئاو، نەزانی و پڕۆژەی نازانستیانە، مافیای پیشەسازی و ڕانتخۆری سپای پاسداران و گەندەڵی جێگیر لە ناوەندە حکومییەکان، هەموویان دەستیان داوەتە دەستی یەکتر و زیانێکی لە قەرەبوو نەهاتوویان بە سەرچاوەکانی ئاوی سروشتی گەیاندووە

یەکێک لە لێکەوتەکانی قەیرانی ئاو لە ئێران بریتییە لە ڕۆچوونی زەویی. کاتێک ئاوی ژێر زەوی زۆر دەردەهێنرێت، گوشار لەسەر چینەکانی زەوی کەم دەبێتەوە و زەوی بەرەو خوارەوە ڕۆدەچێت. ئەم دیاردەیە دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە ژێرخان و پێکهاتەکانی شار و ڕێگاوبانەکان و هەروەها زیانێکی بەرچاوی دارایی و ئابووریش بەدوای خۆیدا دەهێنێت. پارێزگاکانی وەک تاران و ئیسفەهان بە هۆی کەمبوونەوەی لە ڕادەبەدەری ئاوی ژێر زەوی، لەگەڵ کێشەی ڕۆچوونی زەوی بەرەوڕوو بوونەتەوە. واقیعییەت ئەوەیە کە تا ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی لەسەر کار بێ و نان، کار، شوێنی نیشتەجێبوون، ئازادی و ژینگەی خەڵکی بە بارمتە گرتبێت، هیچ ئاسۆیەک بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە بەدیناکرێت کە زۆربەی خەڵکی ئێران بە دەستیانەوە دەناڵێنن. ئەو دام و دەزگا ئیدارییە گەندەڵەی کە ئەم ڕێژیمە پەروەردەی کردووە، توانای ڕووبەڕووبوونەوەی کارەساتە سروشتییەکانی وەک وشکەساڵی، چارەسەرکردنی بنەڕەتیی و کێشە پێکهاتەییەکانی کەمی ئاوی نییە. بۆ ئەم ڕێژیمە بەردەوام ئەولەوییەت بریتی بووە لە سەرکوتکردنی خەباتی عەداڵەتخوازانە و ئازادیخوازانەی جەماوەر و زیندانیکردنی دژبەرانی. ئێران لەسەر دەریایەک لە سامانی سروشتی هەڵکەوتووە. ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی بکەوێتە دەستی خاوەنانی ڕاستەقینە و بەتوانا، واتە کرێکاران و شۆڕاکانی هەڵبژێردراوی ئیرادەی ئازادی جەماوەر، لە وڵاتێکی ئاوا خاوەن سامانێکی زۆر و زەوەند و خاوەن هێزی کاری داهێنەر و لەبن نەهاتوودا، بێ گومان ئەو کێشانەی کە ژیانی ئەمڕۆی زۆربەی هەرەزۆری خەڵکیان کردووەتە دۆزەخ، بە سانایی چارەسەر دەبن

****



Workers of all countries, unite!
# PESHRAW
No: 466-October 2025
www.komalah.org
Fortnightly paper of the central committee of Komalah




ڕۆژی دووشەممە ١٣ی ئۆکتۆبر لە ساڵنامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە ڕۆژی جیهانی بینین ناوزەد کراوە. ڕۆژی جیهانی بینین دەرفەتێکە بۆ بیرکردنەوە لە دۆخی نابینایان و ئەو کەسانەی کە توانایی بینینیان کەمە لە سەرانسەری جیهاندا. ڕۆژێکی کە ئەوەمان بیردەخاتەوە کە دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی چاو و ئیمکاناتی پێویست بۆ ژیانی سەربەخۆ، نەک هەر ئیمتیاز نییە بەڵکوو مافی هەر مرۆڤێکە. لە هەر کۆمەڵگایەکدا بەشێک لە دانیشتووان بە هۆکاری جۆراوجۆر لەوانە ڕووداوی هاتوچۆ، شەڕ، نەخۆشی، یان کەموکوڕی زگماکی، بەشێک لە جەستە یان دەروونیان تا ڕادەیەک تووشی لەکارکەوتوویی دەبێت و ئەم کەسانە بە شێوەیەکی ئاسایی دەبنە خاوەن پێویستییەکی تایبەت کە دەبێت لەلایەن کۆمەڵگا و سیستەمی حکوومییەوە ئیمکاناتی پێویستیان بۆ دابین بکرێت لە بەشێک لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی سەرمایەداریدا، خەباتی کرێکاران و چین و توێژە جەماوەرییەکان، گەشەی تەکنۆلۆژیا، بەدامەزراوەییکردنی بەهاکان و فەرهەنگی پێشکەوتنخوازانە، بووەتە هۆی دەستەبەربوونی دەرفەتی پەروەردەیی و پزیشکی گونجاو بۆ نابینایان و کەسانی کەم بینا تا بتوانن سوود لە ژیان و بەهرەکانیان وەربگرن. لەو کۆمەڵگایانەی کە دەسەڵاتی سەرەڕۆیی زاڵە، لەو وڵاتانەی کە دەرفەت بۆ گەشەکردنی بەهرە جۆراوجۆرەکان نارەخسێت، فەرهەنگ، نەریت و ئایین، نایەکسانی و هەڵاواردنەکان پاساو و پیرۆز دەکەن و زۆربەی هەرەزۆری مرۆڤەکان لەوانە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەتیش ناتوانن بە تەواوی توانا و پۆتاسێلە جەستەیی و دەروونییەکانیان بەکار بهێنن. ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و بەرنامە نێونەتەوەییەکان دەریدەخەن کە بەشێکی زۆر لە نابینایی لە جیهاندا دەتوانرێت ڕێگری لێبکرێت یان چارەسەر بکرێت. لە ئێرانیش، ئەگەرچی هەندێک دەستکەوت لە بواری پزیشکی چاودا بوونی هەیە، بەڵام ئاستەنگە جدییەکانی وەک نایەکسانی لە دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکان لە ناوچە بێبەشەکان، نەبوونی خزمەتگوزارییەکانی خۆپارێزی و پەروەردەی گشتی، هەزینەی چارەسەر بۆ بنەماڵە کەمداهاتەکان و نەبوونی وشیاری سەبارەت بە نەخۆشییەکانی چاو و هەروەها گرنگی پشکنینی دەورەیی، هەر ئێستاش بوونیان هەیە و ڕێگە نادەن پێشکەوتنی زانستی پزیشکی چاو بکەوێتە خزمەت زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵگاوە

ئێران لە زومرەی ئەو وڵاتانەیە کە بە بەراورد بە دانیشتوانەکەی، ژمارەی نابینا و کەم بینایی زیاترە و یەکێکە لە ١٦ وڵاتی یەکەمی جیهان لەم بوارەدا. هۆکارەکانی نابینایی لە ئێران، بەیانگەری چیرۆکێکی تاڵە لە بێبەشی، توندوتیژی و سەرکوت لەوانە: نەبوونی خزمەتگوزاری پزیشکی و دەرمانی بۆ خۆپاراستن و چارەسەری نەخۆشییەکانی چاو، هەژاری و بەدخۆراکی کە هۆکاری زۆرێک لە کێشەکانی بینینن، نەبوونی کۆنترۆڵی ساڵانەی چاو و پشکنینی پێش لەدایکبوون، شەڕ و ڕووداوەکانی هاتوچۆ، کە ساڵانە سەدان کەس تووشی نابینایی دەکەن، تەقینەوەی مین لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان و ناوچەکانی دیکە، تەقەکردن لە کۆڵبەران لە کوردستان و سوختبەران لە بەلوچستان، ئەشکەنجەی زیندانیانی سیاسی، کە بووەتە هۆی گەیاندنی زیانێکی لە قەرەبوو نەهاتوو بە بینایی چاو، تەقەکردن لە خۆپیشاندەران بە تفەنگی ساچمەیی لە ساڵانی ڕابردوودا کە بە هۆیەوە دەیان گەنج بیناییان لەدەستدا. نابینایان لە ئێران نەک هەر لەگەڵ ئاستەنگی جەستەیی، بەڵکوو لەگەڵ کۆمەڵێک بەربەستی جددی کۆمەڵایەتی و ئابووریش ڕووبەڕوون. ئەوان لە ماڵەکانی خۆیاندا گرفتارن و ناتوانن بە شێوەیەکی سەربەخۆ بژین و بەشداری کۆمەڵگا بکەن

کێشە و گرفتی فەرهەنگی، بنەماڵەیی و کۆمەڵایەتی، بەشێکی بەرچاو لە ژیانی نابینایانی خستووەتە ژێر کاریگەرییەوە. بنەماڵەکان بە تایبەتی لە گوند و ناوچە دوورەدەستەکان، سەرەڕای خۆشەویستی و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی، ناتوانن هەلومەرجی پێویست بۆ خوێندن و کار و ژیانێکی سەربەخۆ بۆ ئازیزانی نابینایان دابین بکەن. شارەکانی ئێران پێداویستییەکانی نابینایانی تێدا ڕەچاو نەکراوە. پیادەڕۆی تەسک و پلیکانیی، بیر و چاڵ و قووڵکەی سەرئاواڵە و بەبێ لەمپەر، نەبوونی ڕێڕەوی ڕێنمایی، نەبوونی سەگی ڕێنمایی و هەروەها نەبوونی وشیاریی شۆفێران، هەمموو ئەمانە ژیانی ڕۆژانەی نابینایانی کردووە بە ئاڵەنگارییەکی مەترسیدار. لە سەردەمێکدا کە وڵاتانی پێشکەوتوو ئیمکاناتی زیاتر بۆ باشترکردنی بارودۆخی کارکردن، پەروەردەیی و ژیانی نابینایان دابین دەکەن، حکوومەتی ئیسلامی ئێران تەنانەت تاکە ڕۆژنامەیەکی کە بە ناوی "ئێرانی سپید"، بە خەتی برێل بۆ نابینایان چاپ دەکرا، داخست و هەموو ڕۆژنامەنووسەکانی لە کارەکانیان دوورخستەوە. ئەم ڕۆژنامەیە تاکە پەنجەرەیەکی زانیاری سەربەخۆ بوو بۆ کۆمەڵگەی نابینایان

حکوومەتی ئیسلامی ئێران نەک هەر بەرپرسە لە ئاست پەرەسەندنی ژمارەی نابینایان لە وڵاتدا، بەڵکوو پێداویستییە پزیشکی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیشیان بۆ دابین ناکات. دابینکردنی هەلی کار و پەروەردەی گونجاو، فراوانکردنی خزمەتگوزاری پزیشکی و پشکنینی وەرزیی چاو، پشکنینی پزیشکی ژنانی دووگیان بۆ ڕێگریکردن لە نابینایی منداڵان، دابینکردنی ئیمکاناتی پێویست لە شوێنە گشتییەکان، دابینکردن و ڕاهێنانی سەگی ڕێنمایی و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی گونجاو بۆ نابینایان، لە زومرەی ئەو ئەرکە سەرەتاییانەن کە وەڵامیان پێنادرێتەوە. ڕێژیمی ئیسلامی ئامادە نییە بەرپرسیارێتی خۆی بەرامبەر بە کەمئەندامانی ئەم کۆمەڵگایە قبوڵ بکات. بە بەشێکی زۆر کەم لەو هەزینە زۆر و زەوەندەی کە لەپێناو میلیتاریزم، سەرکوتکردنی خەڵک، تیرۆر و دەستێوەردانی کۆنەپەرستانە لە دەرەوەی سنوورەکان خەرج دەکرێت، دەتوانرێت ژیانێکی ئینسانی بۆ کەمئەندامان دابین بکرێت، پرسێکی کە دەبێ یەکێک بێت لە ئەولەوییەتەکانی ئەو حکوومەتەی کە پاش ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامیی، دادەمەزرێت

****

دواستون

## دۆزە دۆزە، ئەو دوو ملیاردەمان بۆ وەدۆزە

### ن: سەلام قادری

لە خاکێکدا کە هەر شتێک دەتوانرێت دەستی بەسەردا بگیرێت — لە بینا و دەکەلی نەوتیەوە بگرە تا ویژدان و زەردەخەنە، لە دادپەروەریەوە تا دژە ئیمپریالیست بوون، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە، دوو میلیارد دۆلار و قسورێک دەستی بەسەردا بگیرێت. ئەکاونتی بابەک زەنجانی لە مالیزیا کە دەکرێت بە بەختەوەرترین ئێعدامیی مێژووی جیهان ناوزەد بکرێت

لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: «٢.٣میلیارد دۆلارەکەمیان خوارد». چ لەوە خۆشترە لە سەر دزینی ملیاردها دۆلار حوکمی سێدارەت بدرەیّ کەچی نەک هەر لە سێدارە نەدرەێی، بەڵکوو بە ملیارد دۆلارت هەبێ بۆ ئەوەی بێن بیبەن

مەجید ئەنساری، جێگری یاسایی سەرۆک کۆماری نایاسایی، وەکوو ئاگرکوژێن گەیشتە شوێنی ڕووداوەکە و بەوە ئاوی کرد بەسەر ئاگرەکەدا کە فەرموویان ئەمە کەتنێکی خۆمانەی بەینی ئێمە و بەڕێزیانە و تکایە میدیاکان دووبارەی نەکەنەوە و کورد گوتەنی کای کۆنە بە با نەکەن دوای چەند کاتژمێرێک نوێنەری شاری قوم لە پەرلەمان بۆ کەیسی تازەی قەوماندن و پارە نەمان، بە پەرۆشەوە داوای دادگاییکردنی بیژەن زەنگەنە دەکات و دەیهەوێت بەوە خەفەتمان برەوێنێتەوە کە وەک هەموو کاتەکانی تر پارەکە نەدۆزرێتەوە بەڵام وەزیرێک هەیە کە بە گیر و گاز بگیرێت و برازێنەوە بە گەمەی ئێعدام نێعدام خەتمی کەلام

بابەک لە تویت و گرتە ڤیدیۆکانی ئەم دواییەیدا وەزارەتی ئیتلاعات و وەزارەتی دەرەوە و دەسەڵاتی دادوەری و کۆمپانیای نەوتی تۆمەتبار کردووە بەوەی کە لە مێژووی حکوومەتی عەدڵی عەلیدا تەنیا و بە تەنیا لە سەر جەنابی ڕاپۆرتی ناڕاستیان نووسیوە و، ئەم ڕاپۆرتە ناڕاستانە بوونەتە هۆی ئەوەی "هەم پارەکەی بڕوات و هەم حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەربکرێت.»

هەڵبەت کاکە زەنجانی شکەستە نەفسی کردووە و لەبیری کردووە کە جەنابی تاقە ئێعدامیی ئێرانی ئیسلامییە کە سەرەڕای حوکمی لەسێدارەدانی، هێشتا دەرفەتی بەرهەمهێنانی ناوەرۆکی دیجیتاڵی و زەرەری میلیاردی هەیە. هەروەها ناوەندی ڕاگەیاندنی دادگای عەدڵی ئیسلامی بەیانێکی بڵاوکردۆتەوە کە جەوهەرەکەی بریتییە لەوە «بەدواداچوون دەکەین، بەڵام تا ئێستا وەڵاممان لە دامەزراوە بەرپرسەکانەوە وەرنەگرتووە»

بێگومان ئەم دەستەواژەیە لە فەرهەنگی ئیداریی ئێراندا بە جۆرێک لە مەتەڵۆک دادەنرێت و واتاکەی ئەوەیە «دۆزە دۆزە ئەو پارەیەم بۆ وەدۆزە»

لە کۆتایی ئەم چیرۆکە فرە چەشنەدا و لە سەروبەندی دەی ئۆکتۆبردا کە ڕۆژی جیهانی خەبات بۆ هەڵپێچانی سزای لە سێدارەدانە، هیوادارم سزای دژە مرۆڤانەی ئێعدام نەمێنێت، بۆ ئەوەی کە هەموو ئەوانەی کە شایستەی هیچ سزایەک نین لانیکەم لەم سزا دواکەوتوانەیە پارێزراو بن و، ئەوانەیشی کە وەکوو کاکی زەنجانی بەڕاستی باوکی ژەنگاندنی ڕاستی و دادپەروەرین بە ڕاپۆرتی دروست و بە سزای شایستەی خۆیان بگەن و ئیتر بەم جۆرە گاڵتەیە تووشی دڵەخورپێی ناپێویست نەبن

****